# كوردستان له نێوان سایكس- پیكۆی كۆن و نوێ دا
# لێكۆڵینەوەیەك له جوگرافیای ڕامیاری دا

**پ. د. جەزا تۆفیق تالیب**
**بەشی جوگرافیا - كۆلیجی زانسته مرۆڤایەتیەكان**
**زانكۆی سلێمانی**

**م. احمد ڕفیق كریم**
**بەشی جوگرافیا- كۆلیجی پەروەردەی زانسته مرۆڤایەتیەكان**
**زانكۆی سلێمانی**

**م.ی. شاد حمید محمد**
**بەشی جوگرافیا- كۆلیجی پەروەردەی زانسته مرۆڤایەتیەكان**
**زانكۆی سلێمانی**

**پێشەكی**

له چاخی ناوەندەوە تا ئێستا، كوردستان به دەیان جەنگ و پاشتر ڕێكەوتنامەی هەرێمی له لایەن هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی( سەفەوی - عوسمانی) دابەشی دووبەش(خۆرهەلأت و خۆرئاوا)ی ڕووبەر جیاواز كراوه به گۆڕانی تەرازووی هێزی سەربازی و ڕامیاری و ئابورییان، ئەمەش كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خاك و نەتەوه و ئابوری و ئاین و مەزهەب و دەروون و چارەنوس...ی كوردستانیان بەجێهێشتوه.

بەهاتنی داگیركاری نوێ بۆ ناوچەكه له سەدەی ڕابوردوو دوای هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەكەم، نەك كورد نەیتوانی خۆی له دیلی و كۆتی ڕێكەوتنامەی ڕامیاریی و ئابوری و جوگرافی... هەرێمییەكان ڕزگار بكات و خۆی و خاكەكەی بكات به ئەمری واقع و كوردستانی گەوره پێكەوه بلكێنێتەوه و كاریگەری دابەشكارییه هەرێمییەكان نەهێڵێت یان كاڵی بكاتەوه، بەڵكو جارێكی ترو به ناو ناو نیشانێكی تر و له لایەن چەند وولأتێكی داگیركەری مەزنتر بەلأم ئەم جاره نێودەوڵەتی(فەرەنسا و بەریتانیا و ڕوسیا )، بەشی ڕۆژئاوای خاكەكەی دابەش دەكرێتەوه، ئەم دابەشكردنەیان مەسیحیەكان ئەنجامیان دا نەك موسڵمانەكان.

خۆرهەلأتی كوردستان هەر له ژێر هەژمون و دەسەلأتی فارسدا مایەوه ئێستاشی لەگەڵ دابێت، بەلأم بەشی خۆر ئاواكەی كه له ژێر دەسەلأتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، دابەشی سێی بەشی نوێ كرا، هەر یەكه له ڕوسیار و بەریتانیا و فەرەنسا پشكی خۆیان بەركەوت، دواتر ڕێكەوتنامەكه گۆڕانێكی كەمی تێدا كراو ڕوسییەكان دەستیان له بەشەكەی خۆیان هەڵگرت و له بەرامبەردا دەوڵەتی نوێی توركیا ئەو پشكەیان بۆ مایەوه. هەرچی پشكی باشور و خۆر ئاواش بوو له نێو دوو دەوڵەتی عەرەبی ژێر ئینتدابی فەرەنسا و بەریتانیا توێندرانەوه و پرۆسەی چەوساندنەوەیان به میتۆدێكی نوێتر به سەردا جێ بەجێ كرا و دەكرێت.

لەبەر ئەوەی ئەم گەله به زۆر و بەدەر له ویستی خۆی ئاوێتەی دەسەلأتی عەرەب و فارس و تورك كران، دەبینین پاش تێپەڕینی سەدەیەك هێشتا ئەم گەله زیندووه و سەربەخۆیی خۆی پاراستوه، دەوڵەتانی داگیركەر

لە ڕووی پێکهاتەی ئەتنۆگرافیشەوە نەك نەگەیشتونەتە قۆناغی ساکار بەڵکو نە گەیشتۆتە قۆناغی ساپێژیش و هێشتا لە قۆناغی ئاوێتە بووندایە، بۆیە دەبینین بە گونجاوی بارودۆخی ڕامیاری(هەرێمی و نێودەوڵەتی) و سەربازی و ئابوری ... توانیویانە ڕووبەرێکی فراوان لە باشور و خۆرئاوای خاکەکەیان ئازاد بکەن و کیانێك و دەسەلاَتێکی خۆسەری و خۆڕێبەری پێکبهێنن ئەگەر چی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەربەخۆ و دان پێدانراو نیە.

پاش دروست بوون و دەرکەوتنی داعش وەك هێزێکی تیرۆرستی جیهانی کاریگەر لە ڕووبەرێکی فراوانی جوگرافیای سایکس- پیکۆدا و بە گۆڕەپان بوونی ناوچەکە بۆ یەك لایی کردنەوەی ململانێ سەربازی و ئابوری و ڕامیاری و جوگرافییەکان، لە نێوان وولاَتانی هاوپەیمان – هیلالی شیعی و چینی و ڕوسی، هیچ گومانی تێدا نیە کە ناوچەکە لە ئێستادا بە سایکس- پیکۆیەکی نوێی(نهێنی)دابەش کراوەتەوە و دەشکرێتەوە، هەرچی بەشە کوردنشینەکەیە لە هەردوو بەشەکەی کوردستان(باشور و خۆرئاوا)لە عێراق و سوریا لە لایەن هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەڕێوە دەبرێت و کۆمەك دەکرێت زیاتر لەلایەنی تر، هەرچی شیعە نشینەکەشە لە لایەن هیلالی شیعی و چینی و ڕوسی کۆمەك دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت. ئەمە جگە لە باکوری کوردستان کە لە ئێستادا لە سەرەتای پرۆسەی شۆڕش و ئازاد بوون و بە سوریا بوونی دۆخی تورکیایە.

### کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١- ئایا ڕێکەوتنی سایکس- پیکۆ ، زەرورەت بوو بۆ گەلی کورد و ڕزگابوونی لە ژێر دەستی عوسمانیەکان یان بوە هۆی پەرت بوونی خاکەکەی بەسەر چوار وولاَتی داگیرکەر و لەناو بردنی خەون و هیوای گەلی کورد؟

٢- ئایا پاش متبونی ڕوسیا بۆ نزیکەی چارەکە سەدەیەك، جارێکی دیکە دەتوانێت ڕابەرایەتی جەمسەرێکی نەیاری خۆر ئاوا بکات و ڕۆڵی هەبێت لە گەلاَڵە کردنی ڕێکەوتنامەیەکی تری هاوشێوەی سایکس- پیکۆ لە ناوچەکەدا؟

٣- پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك و لە سەردەمی نوێی جیهانگیری و سیستمی نوێی جیهانیدا ، گەلی کورد بۆ لەناوبردنی کاریگەرە نەرێنییەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، پێویستی بە ڕێکەوتنێکی سایکس- پیکۆی نوێ نیە؟

### گریمانەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا چەند گریمانەیەکمان هەیە کە بریتین لە :

١- ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ بە یەکەم هەوێنی ڕێکەوتنامەی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و جوگرافی... دێت لە سەدەی ڕابوردوودا ، گەلی کوردی پەرت پەرت و خاکەکەی بەش بەش کرد و خەونی ئازادی و سەربەخۆیی لە گەلی کورد کرد بە سەراب.

٢- پاش تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر نەهامەتی جوگرافی و نەتەوەیی و ئاینی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی... گەلی کورد و سەرکردایەتیەکەی دەبێت کار بکات بۆ بەشداربوون وەك کارەکتەرێکی گرنگ لە ڕێکەوتنامەیەکی تری هاوشێوەی سایکس - پیکۆ، کە نەك جارێکی دیکە خاك و گەلەکەی دابەش بکاتەوە، بەڵکو برینی جەستەی مێژینەی خاك و گەلی کورد سارێژ بکات.

## چوارچێوەی کاتی و شوێنی توێژینەوەکە

**چوار چێوەی کاتی توێژینەوەکە:**

چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە بریتیە سەدەیەك واتە لە ساتەوەختی ئەنجام دانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، لە (مەی١٩١٦-مەی ٢٠١٦).

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە بریتییە لەو ڕووبەرەی کە سایکس- پیکۆی تێدا جێ بەجێ کراوە بە دیاریکراوی(جوگرافیای کوردستان).

## گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگییەکی هەیە لەوانە:

١- خستنە ڕووی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەنجام دانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ.

٢- خستە ڕووی دەرئەنجامەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ لەسەر کوردستان.

٣- شیکردنەوە و ئاماژەدان بەو هۆکارانەی کە سایکس- پیکۆی نوێی پێ ئەنجام دەدرێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەکەدا زیاتر لە میتۆدێك بەکار هاتوون کە بریتین لە میتۆدی مێژووی و میتۆدی شیکاری و میتۆدی یەك بواری.

## ئامانجی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئامانجێکمان هەیە:

١- زانینی مەغزای پشت ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ.

٢- هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، سەرەڕای لە دایك بوونی هەشت دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکەدا.

٣- چ تەکتیکێ پیادە بکەین لە ئەگەری ڕێکەوتنامەیەکی نوێ هاوشێوەی سایکس- پیکۆ لەناوچەکەدا بۆ گەیشتن بە ستراتیج؟

٤- دەرکەوتنی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) و لەرزینی سنورە دەستکردەکانی ناوچەکە پاش سەدەیەك.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

لەبەر نوێی دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش گۆڕانکارییە خێراکانی ساڵی ڕابوردوو بە تایبەت هاتنە ناوەوەی ڕووسیا لە هاوکێشەکانی جوگرافیای سایکس پیکۆ و کەم و هەژاری کتێبخانەکان بە سەرچاوەی نوێی وەك پەرتوك و گۆڤار، ناچار پەنا براوەتە بەر وێب سایتی فەرمی نێودەوڵەتی وحکومی و حزبی و کەناڵەکانی میدیا بۆ دەست کەوتنی نویَ ترین زانیاری لەسەر گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتوە، هەر بەشێکیش دابەشی چەند باسێك کراوە کە بریتین لە:

بەشی یەکەم: ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆ و ڕەهەندەکانی لەسەر کوردستان.

باسی یەکەم: ناساندنی جوگرافیای کوردستان و ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆ.

باسی دووەم : ئامانجەکانی پشت ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆ.

باسی سێیەم : کاریگەری ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆ لەسەر جوگرافیا و ئایندەی کوردستان.

بەشی دووەم: ڕێکەوتنی سایکس– پیکۆی نویَ .

باسی یەکەم: زەرورەتی ڕێکەوتنامەی سایکس – پیکۆی نویَ.

باسی دووەم: لایەنی ململانێکار( گەمەکەر) لە ڕێکەوتنی سایکس– پیکۆی نویَ دا.

باسی سێیەم: ئایندەی کوردستان لە سنوری جوگرافیای سایکس– پیکۆی نوێدا.

**بەشی یەکەم: ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ و دەرئەنجامەکانی لەسەر کوردستان:**

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر ناساندنی کوردستان و ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ و ئامانجەکانی پشت گەڵاڵەکردنی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە لە نێوان لایەنە واژۆکار و جێبەجێکەرانی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە و پاشان کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئایندەی کوردستان لە ڕووی جوگرافیا و دانیشتوان و خەونی سەربەخۆیی....بۆ تێگەیشتنی زیاتری ئەم ناونیشانە، ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردووە کە بریتین لە:

**باسی یەکەم: ناساندنی جوگرافیای کوردستان و ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ.**

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر هەر یەکە لە جوگرافیای کوردستان و زاراوە و ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، لە خوارەوە زیاتر لەم بابەتە دەدوێین.

**جوگرافیای کوردستان:**

کوردستان دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، سنورەکەی لە باکورەوە، لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا دایە، لە باشورەوە، ئێران و کەنداوی(فارسی- عەرەبی)،لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئێرانە، لە ڕۆژئاواشەوە، عێراق و سوریایە.دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی(٤٠,٣٩°-٣٠,٦١°)باکور، هێڵی درێژی(٥٢,٦١°-٣٦,٠٠°)خۆرهەڵات. درێژی خاکی کوردستان لە باکورەوە بۆ باشور نزیکەی (١٣٠٠کم) و پانیەکەشی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوا(٥٥٠)کم، لە باکورەوە پانیەکەی زیاترە و دەگاتە ٥٧٨کم و لە ناوەڕاستەوە کەم دەبێتەوە دەگاتە ٢٣٢کم، هەتا بەرەو باشوریش بڕۆین ئەو پاناییە تەسکتر دەبێت و لەبەشی کۆتایی باشوریدا لە ١١٢کم زیاتر نابێ.لە دەوروپشتی خاکی کوردستاندا، زەریای خەزەر و ڕەش و ناوەڕاست و سور وکەنداوی عەرەبی و کەنداوی ئەسکەندەرون هەن[١]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

زاراوەی سایکس- پیکۆ: سایکس - پیکۆ لە ڕووکەشدا بریتیە لە ڕێکەوتنامەیەکی ڕامیاری، جوگرافی، کارگێری، سەربازی... لە نێوان مارك سایکس- ی بەریتانی و جۆرج بیکۆی فەرەنسی، کە خۆی لە ١٢ مادەدا دەبینیەوە بۆ دابەش کردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا(پاش نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر ڕێکەوتنامەکە و پاشتر کشانەوەیان لێی) پاشتر پێدانی پشك بە ئیتاڵیا و یۆنان ... بڕوانە نەخشەی ژمارە(١)، بەڵام بە وورد بوونەوە لە زانستی جوگرافیای ڕامیاری بە تایبەت لە ڕوانگەی بیربۆچونەکانی ڕاتزل و هاوسهۆفەر...وە، بریتیە: لە ڕێکەوتنامەی درێژەدان بە ژیانی ڕامیاری و کارگێری و ئابوری... دەوڵەتانی زلهێز لەسەر حسابی دەوڵەتانی لاواز و ناوچەی ئابوری و ستراتیجی نوێ ، واتە دەستەبەرکردنی بواری ژێوارییە( living of space) بۆ دەوڵەتی داگیرکەر. ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ لەسەر جەستە و خوێنی و خاك و ئایندەی گەلی کورد ڕەنگرێژکرا، چونکە(١٠٠٪)خاکی خۆرئاوای کوردستان لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەکەدا دابەشی وولاتانی زلهێز و پاشتر تازە دروست بوو کرا، بە بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی کوردی


---

١- عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥-١٧. بۆ زانیاری لەسەر دیاردە سروشتی و مرۆییەکان و ئابوریەکانی کوردستان، تکایە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-٤٤٦.

لەسەر خاکەکەی لە هیچ یەکێك لە پارچەکانی دا دروست بکرێت. کەواتە زەرەمەندترین گەل لە ناوچەکەدا تەنها نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بوو*.

**نەخشەی ژمارە (١)**

**جوگرافیای کوردستان لە نەخشەی سایکس–پیکۆدا**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

أ- عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥.

٢- jewishvirtuallibrary,Map of The Sykes-Picot Agreement www.jewishvirtuallibrary.org,11.feb.2016

## باسی دووەم : ئامانجەکانی پشت ڕێکەوتنامەی سایکس– پیکۆ

وڵاتانی زلهێز زۆر باش ئاگاداری بارودۆخی سروشتی و مرۆیی ناوچەکە و دەسەڵاتداری عوسمانیەکان بوون، زۆر باش ئاشنابوون بە دۆخی ناوخۆی ناوچەکە بە گشتی و ناوچە کوردیەکان** بە تایبەتی لە ڕوانگەی

---

*–پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ شارەزا و دۆستی گەلی کورد کریس کۆچێرا لە بەرواری ٢٠١٦/١/٢٠دا.

** – لەبەر گرنگی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و جوگرافی کوردستان لە دیدی وڵاتانی بێگانەدا، هەمیشە کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری ببوە گۆڕەپانی ململانێیەکی توند لە نێوان وڵاتە داگیرکەرەکاندا لە کۆتایی سەدەی هەژدە دا، جگە لەوەی ئەم مملانێ توندە لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەت روسیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا دروست بوو لە سەرەتای سەدەی بیست

دەرامەتی سروشتی و مرۆییەوە، کاریان دەکرد بۆ قۆستنەوەی بارودۆخی ناوخۆ و پەیوەندییە دەرەکیەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی قونسڵ و سەفارەتەکانی خۆیان و قایم کردنی جێ پێی خۆیان لە شارە کوردستانییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا بەتایبەت ڕوسیا، بەریتانیا، ئەمەریکا[1]، هەموو ئەو دەوڵەتە گەورانە بایەخی زۆریان دەدا بەپرس و کێشەی کورد ،چونکە کوردستان شوێن و جێگەیەکی ستراتیژی و ناوەندی هەبوو لە نێوان ئەنادۆڵ و ئەودیوی قەوقاز، هەروەها لەنێوان ئێران و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی کە ئەم ناوچەیە ببون بە ئامانجی فراوانخوازی ئیمپریالیەکان، بۆیە هەموو لایەنەکان بە بێ جیاوازی هەوڵیان دەدات بۆ بەکارهێنانی بزوتنەوە نیشتمانیەکانی کورد تەنها بۆ ئاسانکاری سیاسەتە فراوانخوازییە داگیرکاریەکانیان[2]، ئەمە سەڕای بەستنی پەیمانی دووانی یان سیانی لە نێوان وولاّتانی وەك ڕوسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا...ی دژ بەیەك بۆ نزیك بوونەوەی زیاتریان لە دەوڵەتی عوسمانی و فشارخستنە سەری و فراوانکردنی ناوچەی دەسەلاّت و پشکی ئایندەیان[3]، بۆیە لە مێژ بوو چاویان بڕیبوە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان. بۆیە دەتوانین ئامانجەکانی پشت ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ لەم خالاّنەی خوارەوە دا کورت بکەینەوە:

١- سەپاندنی دەسەلاّتی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و جوگرافی... لە جیهان بە گشتی و لە ناوچەکە وکوردستان بە تایبەتی، ئەمە جگە لە تێك شکاندن و ملکەچ پێکردنی وولاّتانی ناوەند بە گشتی و دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتیتر.

٢- فراوانکردنی ڕووبەری قەڵەم ڕەوی دەسەلاّت و داگیرکردنی شوێن و گەرووی نوێی ستراتیجی، کە کاریگەری هەبوو لە سەر زیاتر سەپاندنی دەسەلاّتیان چ لەکاتی ئاشتی و چ لە کاتی جەنگ دا. ئەمە جگە لە بەستنەوەی ئابوری ناوچەی داگیرکراو بە ئابوری وولاّتی داگیرکەر و بە تالاّنبردنی کەرەستەی خاو و دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ کۆمپانیاکانیان و ساغ کردنەوەی کەل و پەلەکانیان لە وولاّتە داگیرکراوەکان و بلاّو کردنەوەی کلتور و ڕۆشنبیرییان لە وولاّتی داگیر کەردا.

٣- بەتالاّن بردنی هێزی مرۆیی* ناوچە داگیرکراوەکان و بەکارهێنانیان لە جەنگ و بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

---

دا،ئەمەش کاریگەری نەك لەسەر بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی هەبوو، بەڵکو کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتی و تەنانەت خۆرهەلاّتی ناوەڕاستیش هەبوو، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: م. ش لازاريف، المسألة الكردية ١٨٩١-١٩١٧، ت. اكبر احمد، الطبعة الاولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠١، ص١٦٢ و ١٦٨.

١- المصدر نفسه، ص١٣١-١٥٥.

٢- المصدرنفسه، ص٢٥٢.

٣- المصدرنفسه، ص١٥٥-١٥٦.

*- لەبەر دڵپاکی و ساویلکەیی زۆرینەی تاکی کورد، هەمیشە دوژمن کاری بۆ بەتالاّنبردنی هێزی مرۆیی کوردی کردوە، چ بە بەکارهێنانی ئابوری بێت، یان ئاینی یان مەزهەبی یان پۆست... بۆ نمونە عوسمانیەکان مەزهەبی سونی کوردەکانیان قۆستەوە بۆ

٤- بەكارهێنانی میراتی عوسمانی بۆ بە دۆست كردنی دوژمنەكان لە لایەك، بۆ نمونە ڕوسیا لەسەر كۆی بەندەكانی سایكس- پیكۆ ڕازی بوو لەبەرامبەر بەركەوتنی پشكدا، لە لایەكی تریش بۆ پەلكێش كردنی وولاتانی تر بۆ هاوپەیمانیەتیەكە، وەك ئیتالیا، ئەمە جگە لە ئالۆیركردنی خاك لە نێوان خۆیاندا لە پێناوی دەستەكەوتی زیاتر دا.

**باسی سێیەم : كاریگەری ڕێكەوتنامەی سایكس- پیكۆ لەسەر جوگرافیا و ئایندەی كوردستان:**

ئەگەر چی سایكس- پیكۆ یەكەم ڕێكەوتننامە نەبوو لە لایەن وولاتە زلهێزەكان بۆ دابەش كردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام كاریگەری سایكس- پیكۆ لەسەر ڕووداوەكانی دواتر بە ڕوونی دەركەوت، چونكە پاش بەش بەشكردنی جوگرافیای ناوچەكە لەلایەن وولاتە زلهێزەكانی ناو ڕێكەوتنامەكەدا، ئیدی لە ساڵانی دوایدا هەموو ئامانجیان بۆ داگیركردن یان كۆنترۆڵكردنی ئەو ناوچانەبوو كە لە پەیمانەكەدا بۆ هەریەكەیان دیاریكرابوو[1]، پاش دروستكردنی كیانی خۆجێی دەستەمۆ كراو لە ناوچەكانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان، پاشتر ئەم ناوچانە خرانە ژێر ئینتدابی خۆیانەوە، دواتر سنوری كیانە دروست كراوەكان لە لایەن گەورەترین ڕێكخراوی نێودەوڵەتی ئەو كات(كۆمەڵەی گەلان) و پاشانیش ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان بە

---

هێرش كردنە سەر ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٠٥-١٩١٢ )( ڤ.ف.مینورسكی، الاكراد ملاحظات و انطباعات، ت.معروف خزنةدار، بدون رقم طبعة، مطبعة النجوم،بغداد، ١٩٦٨، ص٥٠)ئەمە جگە لەوەی عوسمانیەكان كوردەكانیان لەدژی ئەرمەن و ڕوسیاش تەیاركردوە، هەروەها ڕوسەكانیش بیریان لەبەركارهێنانی كوردەكان كردۆتەوە دژی عوسمانیەكان"بۆ ئەم مەبەستە نێردەی دیبلۆماسی ڕوسەكان سەردانی ناوچە كوردستانیەكانیان كردوە دیاری گران بەهاو چەك و خزمەتگوزارییان پێشكەشی سەردارانی كورد كردووە بەمەستی دروست كردنی هێزی سەربازی بۆیان و بەستنەوەی ئابورییان بە ئابوری ڕوسیا و هۆشیاركردنەوەیان بە جیاوازی ڕەگەزی كورد لە ڕەگەزی تورك... نەك هەر ڕووسەكان بەڵكو قنصلی ئینگلیزەكانیش سەردانی هۆزە كوردیەكانیان دەكرد بەمەبەستی بەكارهێنا نیان بۆ بەرژەوەندیەكانی خۆیان، تەنانەت هانی عوسمانیەكانیشیان داوە بۆ بەكارهێنانی كوردەكان لەدژ نەیارەكانیان، وەك هاندانی عوسمانیەكان لە لایەن ئینگلیزەكانەوە بۆ دروست كردنی هێزی نوێی سەربازی لە كوردەكان بۆ خزمەتی توركیا و بەكارهێنانییان دژی ڕوسیا، تەنا نەت لە جەنگی جیهانی یەكەمیشدا ئەم سیاسەتە هەر بەردەوام بوو، چونكە هەر یەكە دەیوست كوردەكان دژ بە كوردە نەیارەكانیانیشان بەكاربهێنن و سەركەوتوش بوون لەم كارەدا بۆ نمونە ڕوسیا كوردە ئێزیدیەكانی پڕچەك كرد بۆ هێرش كردنە سەر ئەو كوردانەی كە لە ڕیزەكانی عوسمانیەكاندا دژی ڕوسیا دەجەنگین، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەكارهێنانی كوردەكان لە لایەن دوژمنەكانیەوە لەخزمەت بەرژەوەندییەكانی خۆیان،تكایە بڕوانە: م. ش لازاریف، المسأله الكردیه١٨٩١-١٩١٧، مصدر سابق، ص ١٣٤، ١٤٤-١٤٦، ١٤٩، ٢٤٨.بۆ نمونە ئیسماعیل حەقی پاشا یەكێك بوو لەو كوردانەی خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی دەكرد وشۆرشی كوردەكانی سەركوت كرد لە حەفتاكانی سەدەی نۆزدەیەمدا: ڤ.ف.مینورسكی، الاكراد ملاحظات و انطباعات،مصدر سابق، ص٦٧.

١- هیچ یەكێك لە وولاتە زلهێزەكان دۆستی گەلی كورد نەبوە، هەمیشە وەك پردێك بەكاریان هێناون بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆیان، چۆن ویستبێتیشیان ئاوا بەكاریان هێناون، بۆ نمونە دۆستایەتی ڕوسیا و كوردەكان تەنها بۆ سود وەگرتن بووە لە كوردەكان و بەكارهێنانیان لە دژی بەریتانیەكان و تەنانەت دەسەڵاتە خۆجێییەكەی شێخ مەحمودیش- بۆزانیاری زیاتر لەسەر بەكارهێنانی كوردەكان لەلایەن ڕوسیاوە ، تكایە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی، كورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤیەت دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل (ت).

فەرمی ناسێنران، پاشتر بە بەرچاوی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە بەناو داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ ، مافی گەلی کورد پێشێلکران و نیشتمانەکەشیان وێران کرا. کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

١- بەشکردنی خاکەکەی:

پاش ئەوەی خاکی پیرۆزی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە سەر دەستی سەفەویەکان[1] و عوسمانیەکان لە ڕێکەوتنامەی قەسری شیرینی ساڵی١٦٣٩[2] دا دابەشی دووبەشی سەرەکی خۆرهەلاَت و خۆرئاوا کرا(جگە لەبەشی ڕوسیا)زۆر بە توندی چەوسێندرانەوە، جارێکی دی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ بەشەکەی ژێر دەسەلاَتی عوسمانیەکانی دابەشی سێ بەشی تر کرد، ئەمەش بۆیەکەمین جار بوو خاکی کوردستان دابەشی چوار پارچە کراو سەر ئەنجام ئەم دابەشکاریەی ئێستای لێهاتە بوون، بۆ هەتا هەتایە گەلی کوردی لە خەونی سەربەخۆیی ڕاچڵەکاند.

٢- بەش کردنی گەلەکەی:

پاش ئەوەی گەلی کورد دابەشی چوار پارچە کران و هەر پارچەیەکیان ئاوێتەی وڵاتێکی نوێ کرد، ئیدی چەوسێنەرانی گەلی کورد لە دوو ئیمپراتۆریەتەوە دەبن بە چوار دەوڵەت، هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕشتنی فرمێسک و خوێنی کورد دەبێت: سەرئەنجام گەلی کورد بەم کارەساتانەی خوارەوە بران:

أ- خاپورکردنی گوند و ئاواکاری گوندەکان و ڕاگواستنی کوردەکان بە بیانوی جیاجیا، چ لەناوخۆ چ بۆ دەرەوەی سنوری وولاَتانی داگیرکەر. قەدەغەکردنی هاتوچۆلە ناوچە کوردیەکان و تالاَنکردنی سەروەت و سامانە سروشتی و مرۆییەکانیان. ئەویش بە بەکرێگرتنیان و بەکارهێنانیان لە پرۆسەکانی دژ بە نەتەوەکەی خۆیان و نەتەوەو گەلانی تری ناوچەکە.

ب- ئەنجامدانی پرۆسەکانی جینۆساید و زیندەبەچاڵکردن* و کوشتن و بڕین و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی جیهانیش. بەکارهێنانی ئاین و مەزهەب و نەتەوە و نەژاد، بۆ ڕەوایی دان بە پرۆسەی قڕکردنیان.

---

١-لەساتەوەختی گەیشتنی سەفەویەکان بەدەسەلاَت لەساڵی ١٥٠٢ دا و پاشتر دەسەلاَتدارەکانی تری فارسی زۆر بەتوندی کەوتونەتە چەوساندنەوەی گەلی کورد( ڕامیاری، ئابوری، سەربازی، مەزهەبی... )بەلاَم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا پاش گرتنە دەستی دەسەلاَت لە لایەن قاجارییەکانەوە تاوان و توندوتیژییەکان لەسەر دەستی حکومەتی قاجاری زۆر زیاتر بوو، میرنشینە کوردیەکانی وەك موکریان و ئەردەلاَن و لوڕستان..یان ڕوخاند و لەناو برد، ئەمە جگە لەوەی (١٠٠,٠٠٠)سەد هەزار کوردی لە ناو برد و (٢٠٠٠ )گوندی خاپور کرد، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دۆخی کوردستان لەودەمەدا تکایە بڕوانە: یاسین سەردەشتی، گەلی کورد و بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران(١٩٠٥-١٩١١)، بە بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی هاوار، ٢٠٠١، ل٢٥-٢٨. ڕژێمەکانی دوای قاجاریەکان زۆر توندتر لە قاجارییەکان کەوتنە وێزەی گەلی کورد و خەباتە ڕزگاری خوازیەکەی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت.

٢-نادر فەتحی بۆکانی، کرۆنۆلۆگی کوردستان، بە بێ ژمارەی چاپ و چاپخانە و شوێنی چاپ، ٢٧٠٣ کوردی، ل٣٠.

*- بۆ زانیای زیاتر لەسەر کۆی بەڵگەی زیندوی پرۆسەی ئەنفال کردن وپاشتر زیندەبەچاڵکردنی کوردەکان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، تکایە بڕوانە:میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،و. سیامەندی موفتی زادە،چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك- سلێمانی،١٩٩٩،ل٩-٦٠٠.

ت- نەك جەنگی گەرم و بەکارهێنانی باروت و ئاگر و ئاسن، جەنگی ئاماریش پیادەکرا بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی ڕاستەقینەیان و کردنیان بە کەمایەتی، ئەمە جگە لە بێبەشکردنیان لە ناسنامە و ڕەگەزنامە بەڵکو بە بەرنامە کاریان دەکرد بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەی کوردەکان. قەدەغەکردنی زمانی دایك لە پرۆسەکانی خوێندن فێرکردن و کاروباری ڕۆژانەدا.

**بەشی دووەم: ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆی نوێ:**

لە ڕاستیدا تا ساتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بە ئاشکرا، شتێك نیە بە ناوی ڕێکەوتنی سایکس- پیکۆی نوێ-وە، ئەگەر چی لە چارەکە سەدەی ڕابوردوو دا پرۆژەی جۆراوجۆر هەبوون بۆ ناوچەکە[**]، بەڵام بە خوێندنەوەی دۆخی ئێستای ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە و سەرکردایەتی کردنی هەردوو لایەنی ململانێکاری پێشووی جەنگی سارد لە ئامانجە جیۆپۆلەتیکیەکانی هەردوو میحوەری(شیعی- سونی) دەتوانین خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئایندەی ناوچەکە بکەین، ئەویش چارەسەری ڕامیارییە بۆ ئەو دۆخەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، بە مانایەکی تردابەشکردنی نوێی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای تائیفی[***] و مەزهەب و نەتەوە و بەرژەوەندی جیۆپۆلەتیکانەی هێزە ململانێکارەکان لە بەشێکی گرنگی گۆڕەپانی سایکس- پیکۆدا(عێراق و سوریا). بەڵام دەشێت ئەمجارە ڕێکەوتنامەی نوێ لە نێوان پێشەوایانی هەر دوو جەمسەری ململانێ کاری ناوچەکە بکرێت، بۆ نمونە زۆر نزیکە ڕێکەوتنامەیەکی نوێ لە نێوان هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا و بە دیاری کراوی لە نێوان ئۆباما یا ترامپ یان کلنتۆن و ڕوسیا بە نوێنەرایەتی تەوەری شیعی ( ڕادیکاڵی - دیکتاتۆری) دروست بێت بە تایبەتتر لەگەڵ پۆتن[*] دا، بۆیە دەتوانین ڕێکەوتنامەی ئایندە ناو زەند

---

[**]- لە پاش ڕووخاندنی بلۆکی ڕۆژهەڵات و بالا دەست بوونی سیستەمی نوێی جیهانی، چەندین پرۆژەی ڕامیاری و ئابوری و زانستی و کۆمەڵایەتی، ئەمنی... لەلایەن کەسایەتی و وڵاتانەوە تایبەت بەدۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کراون لەوانە : پرۆژەی خۆهەڵاتی نوێی شیمۆن پیریزلە ساڵی ١٩٩٣دا،پرۆژەی هەڵبژاردەی ئاسیای تۆرکوێت ئۆزال و پرۆژەی خۆرهەڵاتی گەورەی بۆش لە ٢٠٠٤ دا و پرۆژەی( هاوبەشی ستراتیجی بۆ ئایندەی هاوبەش لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی) فەرەنسی-ئەڵمانی...بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: ایناس حسنی البهجي، الشرق الاوسط الجديد بين الضعف والتقسيم، ط١، دار التعليم الجامعي، ٢٠١٥،ص١٨١-٢١٤.

[***]- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەبەرنامەی دیداری تایبەت لە کەناڵی ئەلعەرەبیە ووتی نەخشەی ناوچەکە جارێکی تر لەسەر بنەمای تائیفی دەکێشرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ووتەکانی سەبارەت بەناوچەکە و دۆخی ناوخۆی تورکیا، تکایە بڕوانە: العربية، رجب طيب اردوغان، http://www.alarabiya.net/ar/programs/special-interview/2015/12/28/رجب-طيب-اردوغان.html، ٢٨ديسمبر٢٠١٥.

[*]-پۆتن دەڵێت هیچ ڕێگە چارەیەك نیە لە سوریا جگە لە هاریکاری کردنی دامەزراوەکانی سوریا و یارمەتی دانی دژی تیرۆر،پێی وایە یارمەتی ئەسەد هۆکاری سەرەکی وەستانی شەڕە لە سوریادا، لەدیدی پۆتنەوە ئەسەد ئەگەر سەرکوتکاریش بێت لە داعش باشترە، ،سي ان ان العربية،تعرف علي الاسباب الحقيقية وراء تدخل فلاديمير بوتين في الحرب السورية، http://arabic.cnn.com/middleeast/2015/11/25/me-251115-putin-syria-reasons ، ٢٥نوفمبر٢٠١٥.

بکەین بە ڕێکەوتنامەی ئۆباما– پۆتن، بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردووە کە بریتین لە:

**باسی یەکەم: لایەنی ململانێکار( گەمەکەر) لە ڕێکەوتنی ئۆباما– پۆتن** [**] **دا:**

لە ئەنجامی چەوساندنەوەی بەردەوامی هاوڵاتیان بە گشتی و کەمایەتییە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان بە تایبەتی و بوونی گرفتی قوڵی ڕامیاری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی وئابوری و زانستی و ڕۆشنبیری و گەندەڵی...زەمینە ساز بوون بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی [***] سەرتاسەری لە زۆرینەی وولاتە عەرەبیەکاندا، لە ساڵی ٢٠١١ دا، کۆتایی بەحوکمی چەندین دیکتاتۆر و بنەماڵەی دەیان ساڵەی فەرمان ڕەوا هێندرا.

پاش خۆ سوتاندی بوعەزیزی لە تونس لە کۆتایی ساڵی٢٠١٠دا ، ئیدی ڕۆژی دواتر شۆڕشی جەماوەری دژی دەسەڵاتداریێتی تونس چەخماخەی کرد و بە کەمتر لە مانگێك کۆتایی بە دەسەڵاتی(٢٣)ساڵەی فەرمانڕەوایی عابدین هێنرا، شۆڕش زۆر بە خێرایی پەڕیەوە بۆ وولاتانی دی عەرەبی لە هەندێك لە وولاتەکان بە ناوی چاکسازییەوە هەندێك گۆڕانکارییان لە سستمی سیاسی وولاتداکرد و هەندێك لە خۆپیشاندانەکان سنور دار بوون و هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، بەڵام خۆپیشاندەران توانیان کۆتایی بەدەسەڵاتداریێتی تونس و میسر و لیبیا و یەمەن بهێنن و لە هەندێك وولاتیشدا خەباتی چەکداری دەستی پێکرد کە تا ئێستاش هەر بەردەوامەوە وەك عێراق، سوریا...

لە سوریا دا لە ساڵی٢٠١١، ڕاپەڕین لە درعاوە [****] دەستی پێکرد، بەهۆی هاومەزهەبی(شیعەبوون) کەمینەی دەسەڵاتداری سوریا لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران [*****] وعێراق و حزب الله ی لوبنان–یەوە زۆر بە توندی پشتگیری کرا، چ لە ڕووی ڕامیاری و چ لە ڕووی سەربازی و کەل و پەلی سەربازی و کۆمەکی دارایی و

---

[**] –پێدەچێت ئیدارەی ئۆباما ئەم ڕێکەوتنە بکات، بیکاتە کەرەستەیەکی ڕامیاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکای ٢٠١٦. لە سودی پارتەکەی(دیموکراتەکان).

[***] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەواوی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی پشت شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، تکایە بڕوانە: ایناس حسنی البهجی، مصدر سابق، ص٢١٨–٢٢٦.

[****] –بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان،تا ئێستا زیاتر لە ٢٥٠,٠٠٠ هاوڵاتی لە جەنگی ناوخۆی سوریا کوژراون، جگە لە داتەپینی تەواوی ئابوری سوریا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دۆخی سوریا ، تکایە بڕوانە( unitted nation office for the coordination of humanitarian affairs,Syria crisis regional overview, http://www.unocha.org/syrian-arab-republic/syria-country-profile/about-crisis,08,01,2016)

[*****] – تا ئێستا چەندین ڕاوێژکار وفەرماندەو فرۆکەوان و سەربازی ئێرانی لە جەنگی سوریا گیانیان لە دەست داوە، لیوا حسین هەمەدانی یەکێکە لەو گەورە ڕاوێژکاری حەرەسی پوری ئیرانی کە لە سوریا کوژرا لە ٩ی ئۆکتۆبەری٢٠١٥،(قناة العالم،استشهاد عميد بحرس الثورة الاسلامية الايرانية في سوريا، http://www.alalam.ir/news/1746965،٩تشرين الاول٢٠١٥.) ئەمە جگە لەوەی تا ئۆکتۆبەری٢٠١٥ زیاتر لە٤٠٠ سەربازی گاردی کۆماری و فرۆکەوانی تر لە سوریا گیانیان لەدەست داوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر قوربانیان ئێرانی لەسوریا، تکایە بڕوانە: (العربية نت– صالح حميد، مقتل ٤٠٠ عنصر من الحرس الثوري الايراني بسوريا منذ٢٠١١،http://www.alarabiya.net/ar/iran/2015/10/26/ مقتل–٤٠٠–عنصر–من–الحرس–الثوري–الإيراني–بسوريا–منذ–٢٠١١.html،٢٦اكتوبر٢٠١٥.)

لۆجستی–یەوە یارمەتییەکی زۆری حکومەتەکەی ئەسەدیان دەدا، سەر ئەنجام پاش ٣ ساڵ لە ململانێ نێوان ئۆپۆزسیۆنی فرە مینبەر و ئایدۆلۆجی بە ناوی جەیشی ئەحراری سوری(ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوری) و هێزەکانی سوریا و هاوپەیمانەکانیان، هێزێکی زۆر کاریگەر لە گۆڕەپانی جەنگدا دەرکەوت، ئەویش ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بوو لە عێراق و شام دا، پاش بەهێز بوون و کۆنترۆڵ کردنی زۆرینەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا، و داگیرکردنی زۆرینەی خاکی ناوچە سونییەکانی عێراق و نزیک بوونەوەیان لە هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێم، سەرئەنجام خۆر ئاوا هاوپەیمانیەتیەکی دژ بەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانی تری ناوچەکە پێکهێنا، لە بەرامبەریشدا لە کاتێکی درەنگی جەنگی ناوچەکە(٢٠١٥) هێزێکی دی چوە پاڵ ڕژێمەکەی ئەسەد بە هەموو توانا سەربازی و ئابوری و ڕامیاری و جیۆپۆلەتیکیەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ پارێزگاریکردن لە ڕژێمەکەی ئەسەد ئەویش دەوڵەتی ڕوسیای یەکگرتوو بوو، بۆیە لە ئێستادا سوریا بووەتە گۆڕەپانێك بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی دوو هێزی مەزن کە لایەنێکیان هاوپەیمانیەتییەکی پێکهێناوە لە وولاتانی هەرێمی سونی و وولاتانی دی خۆرئاوا بەناوی دژایەتی کردنی تیرۆر کە لەهەمان کاتیشدا دژی مانەوەی ئەسەد و دەسەلاتەکەین، لە بەرامبەریشدا لایەنی دووەم هاوپەیمانیەتییەکی شیعی(عێراق، ئێران، سوریا، حزب الله ی لوبنانی، ڕوسیا...) پێکهێناوە بە ناوی دژایەتی کردنی تیرۆر و دژی ئۆپۆزسیۆنی سوری دەجەنگن و دژی ڕووخاندنی دەسەلاتەکەی ئەسەدن. بۆیە تا دێت ئەم دوو لایەنی ململانێ کارە لە سوریا و ناوچەکە کار بۆ بالا دەست بوونی خۆیان دەکەن دژی هاوپەیمانی گروپەکەی دی، لە ڕاستیدا یەکلایی کردنەوەی ململانێ ئابوری و سەربازی و جوگرافی و ڕامیاری ... خۆیانە بەناوی سوریا دەیکەن چ سوریای دیموکرات بێت چ سوریای دیکتاتۆری بێت، تەنانەت بەردەوام بوونی دۆخەکە مەترسی پێکدادانی زۆر توندی نێوان لایەنە ململانێکار و هاوپەیمانەکانی لێدەکرێت، بەتایبەت پاش ئەوەی تورکیا فرۆکەیەکی سەربازی ڕوسی لەسەر ئاسمانی سوریا خستە خوارەوە و بەکردەوە بە لەشکرکێشی و چەکی قورسەوە سەروەری هەردو وولاتی عێراق و سوریای پێشێل کرد. لایەنی ململانێ کار دەخوازن بە جەنگ بێت یان بە ئاشتی[*] لانی کەم زۆرترین داخوازیەکانی خۆیان بهێننە دی لەسەر حسابی لایەن و هاوپەیمانیەتیەکەی دی، کار دەکەن بۆ فراوانکردنی هەژمونی هاوپەیمانە سوریەکەیان(چ ئۆپۆزسیۆن چ ڕژێمی سوریا)یان هەر هاوپەیمانێکی تریان بێت، وەك دەزانین بەجەنگ کێشەکان کۆتایی نایەت، بەلام هۆکارێك دەبێت بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆیان لەسەر لایەنەکەی تری گەمەکەر، هیچ گومانی تێدا نیە بە لەبەرچاوگرتنی هێز و بەرژەوەندی جارێکی دیکە سنورەکان دابەش دەکرێنەوە.

[*]– تا ئێستا سێ جار کۆنگرەی نێودەوڵەتی کراوە(جنێف١ لەساڵی ٢٠١٢،جنێف٢لە ساڵی ٢٠١٤ و جنێف٣لە ٢٠١٦) بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەمەبەستی چارەسەری ئاشتییانە و ڕامیاریانەی دۆخی سوریا ، بەلام تا ئێستا ئامانجی هۆکاری بەستنەکانی نەپێکاوە.

**باسی دووەم: زەروورەتی ڕێکەوتنامەی  ئۆباما- پۆتن:**

**وەك ئاشكرایە، بەردەوامی چەوساندنەوەی هەندێك لە گەلان و نەتەوە و ئاین و ئاینزاكانی ناوچەكە لە ڕژێمەكانی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە ڕووبەری جوگرافیای سایكس- پیكۆ بە تایبەتی گركانێكی لە ناخی هەر تاكێكدا جۆش داوە، بەجۆرێك پریشكێك لە شۆڕش یان ڕاپەڕین لە هەر بستە خاكێكی ئەم ناوچەیە یارمەتی دەرە بۆ بڵاوبوونەوەی لە هەموو ناوچەكانی تردا، چونكە دەتوانین بڵێین لە هەموو دەوڵەتەكاندا ئەگەر هەمووش نەبێت ئەوا زۆرینەی نەتەوە یان ئاین یان ئاینزاكان هەن*، بۆیە گواستنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەكان لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر لە دەوڵەتێكەوە بۆ دەوڵەتێكی تر بروسك ئاسا دەبێت لە سایەی پێشكەوتنی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی كردنەوە، بۆیە دەبینین خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە كوڵاندایە، كە تیایدا سوتەمەنی ئەم جەنگە تەنها خوێن و جەستە و سەرو ماڵی هاونیشتمانیانی ئەم ناوچەیە، وەك عێراق، توركیا، ئێران، سوریا، یەمەن...**

---

*- پاش ئەوەی شانشینی سعودیە بە تاوانی تیرۆر ٤٧ هاوڵاتی سعودی لە سێدارەدا لەبەرواری٣كانونی دووەمی٢٠١٦دا، یەكێك لە سێدارە دراوەكان شێخ نەمر باقر ئەلنەمری شیعە مەزهەب بوو، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی توندیی هاوڵاتیانی شیعە لە یەمەن و عێراق و سوریا و لوبنان و ئێران و بەحرەین... و دابەش كردنی موسڵمانان بەسەر دوو بەرەدا لە مەغریبەوە تا مالیزیا . ئێران و هاومەزهەبەكانی و سعودیە و هاومەزهەبەكانی یەكتریان بە هاریكاری تیرۆرستان تۆمەتباركرد و یەكتریان بە هەڕەشە لەسەر ناوچەكە و جیهان ناوزەندكرد، سەر ئەنجام كۆنسوڵی سعودیە لە تاران و مەشهەد سوتێنرا و زۆرێك لە وڵاتەعەربیەكان پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئێران بچڕاند و توركیا هەڕەشەی لە ئێران كرد و پاشتر قەیرانەكە گەیشتە تەدەخولكردنی ئەمەریكا و ڕوسیاو ئەنجومەنی ئاسایش... بۆ زانیاری زیاتر تكایە بڕوانە: (حزب الله، حزب الله يدين جريمة اعدام اية الله الشيخ نمر باقر النمر، http://www.moqawama.org/essaydetails.php?eid=32834&cid=212#.VoicL_txmP8 ٢كانون دووەمی ٢٠١٦ .)و(حيدر العبادي،نأسف لي تنفيذ حكم الاعدام بالشيخ نمر النمر من قبل السلطات السعودية، http://www.pmo.iq/press2015/2-1-2016.htm، ٢كانونی دووەمی ٢٠١٦)و ( الشرق الاوسط اونلاين، السعودية تنفذ حكم القصاص بحق ٤٧ شخصاً من الفئة الضالة، -http://aawsat.com/home/article/D9%85%D9%86، ٣كانونی یەكەمی ٢٠١٦)و(وكالة الجمهورية الاسلامية للانباء، ايران:السعودية تدعم الارهابين و تنفذ حكم الاعدام بحق المعارضين، http://www.irna.ir/ar/News/81903287/، ٢كانون الثاني٢٠١٦ )و(الجمهورية التركية-وزارة الخارجية،بيان حول اخر التطورات بين المملكة العربية السعودية وايران، http://www.mfa.gov.tr/الرقم_-٢_-التاريخ_-٥-كانون-الثاني_يناير-٢٠١٦_-بيان-حول-آخر-التطورات-بين-المملكة-العربية-السعودية-وإيرانar.mfa.، ٥كانون الثاني٢٠١٦) و( security coundil , Security Council Press Statement on Attacks on Saudi Diplomatic Premises in Iran, http://www.un.org/press/en/2015/sc12190.doc.htm,4juaniary 2016)و(سي ان ان بالعربية، ترقب امريكي لتداعيات التوتر بين السعودية و ايران علي محاربة داعش، -http://arabic.cnn.com/world/2016/01/05/wd-050116 kirby-saudi-iran-tension#autoplay، ٥كانون الثاني ٢٠١٦) هەربەوەشەوە نەوەستا، هاوڵاتیان و ڕێكخراوە چەكدارییە شیعەكان لە عێراق هەستان بە سوتاندن و تەقاندنەوەی چەندین مزگەوت لە ناوچە سونیەكان،پاشان كاردانەوەی سونیەكانی بە دواداهات و عێراق گەڕایەوە بۆ جەنگی تائیفی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر توندوتیژیەكانی ئەم دواییەی عێراق تكایە بڕوانە: الامم المتحدة-العراق،المبعوث الامني يدين تفجير المساجد والهجوم علي مركز تسويق و تفجير سيارة ملغمة، http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=5082:2016-01-12-13-05-28&Itemid=556&lang=ar، ١٢كانون الثاني،٢٠١٦)

**پاش ئەوەی ڕوسیا لە ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٥[*] و پاش وچوار ساڵ لە دەستپێکی جەنگی ناوخۆی سوریا لە بەرژەوەندی لایەنێکی ململانێکاری گەمەکار هاتە ناوچەکە، هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکە دا گۆڕدرا، ئیدی ڕوسیا بۆ سەلماندنی هەیمەنە و دەسەڵاتی خۆی و جێ بەجێکردنی بەرنامە و ئامانجە جیۆپۆلەتیکەکانی خۆی بوە گەمەکەرێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتتر پاش ئەوەی ڕوسیا چەك و جبە خانەی زۆر قورسی هێنایە ناوچەکە، ئەمەش وولاّتانی هاوپەیمانان هان دەدات ڕێی و شوێن و هەنگاوی نوێ بگرنە بەر چ بۆ لاوازکردنی ڕوسیا لە ناوچەکە و چ بۆ سەرکەوتنی بەرنامە و ئامانجە جیۆپۆلەتیکەکانی خۆیان، هیچ گومانی تێدا نیە هەموو هەوڵە سەربازی[**] و ڕامیارییەکان هەمیشە لە خزمەتی بەرژەوەندیە ئابوری یان بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی تردایە، بۆیە دەکرێت لەبەرامبەر دورگەی کریمی ئۆکراین یان مەلەفی ئەتۆمی یان قەرەبوی ئابوری یان مامەڵەی چەك و چۆڵ یان نرخی پەترۆڵ یان هەر ڕووبەرێکی تری جوگرافی، لە مامەڵەیەکی ڕامیاری دا جارێکی دی ناوچەکە دابەش بکەنەوە[***]، بۆیە ئەمە نزیك ترین ئەگەرە لە بەردەمی سنورە دەستکردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی ڕابوردوودا.**

---

[*] **–بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی بەرگری ڕوسیا، لە ماوەی سێ مانگدا ٥٢٤٠ هێرشی جۆربەجۆری ئەنجام داوە لە سوریادا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەواوی پرۆسە سەربازیەکانی روسیا لەسوریادا لەساڵی ٢٠١٥دا تکایە بڕوانە:** ( ministry of Defence of the Russian federation,chif of the main operational directorate of the general staff of the Russian armed forces told about the results of operation held by Russian aerospace forces in syria, http://eng.syria.mil.ru/en/index/syria/news/more.htm?id=12072380@egNews,08,01,2016)

[**] **–بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ٨ی ئابی٢٠١٤ بەشدارییەکان کرد لە ئۆپراسیۆنەکانی ناوچەکە، تا ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠١٥ زیاتر لە ٩٣٧٩ هێرشیان کردۆتە سەر ١٨٣٨٨ ئامانج لە سوریا و عێراق، ئەمە جگە لەوەی بڕیار زیاتر لە ٥,٣٦ ملیار دۆلاریان لەم هێرشانەدا خەرج کردوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بری پارە و جۆر و ناوچەی جوگرافی ئامانجەکان تکایە بڕوانە** ( U.S.Department of defense,opration inherent resolve , http://www.defense.gov/News/Special-Reports/0814_Inherent-Resolve ,08-01-2016)

[***] **– لەبەر ئەوەی ناوچەکە بە گۆڕانی خێرادا تێپەڕدەبێت و ململانێیەکی زۆر توند لە نێوان لایەنە گەمەکەرەکاندا هەیە بە ئامانجی دەستکەوتی ڕامیاری، جوگرافی ، ئابوری..زیاتر بۆیە هەر لایەك یان گروپێك یان هاوپەیمانیەتیەك لە هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆیەتی لەناوچەکەدا و بینینی ڕۆڵی زیاترە بە ئامانجی بەرکەوتەی زیاتر، بۆ نمونە ، ئێران داوای هەڵگرتنی سنوری نێوان عێراق و سوریا و ئێران و لوبنان دەکات،**( سعود الزاهد، جنرال ايراني يدعو لالغاء الحدود مع العراق و لبنان و سوريا، http://www.alarabiya.net/ar/iran/2015/12/11/جنرال-إيراني-يدعو-إلى-إلغاء-الحدود-مع-العراق-ولبنان-وسوريا.html، 11 ديسمبر2015) **توركیا هێزێکی زیاتر و بەهێزتری هێنایە باشیك لە نزیك موسڵ، ئەگەر چی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ و کۆمکاری عەرەبی و ئەنجومەنی ئاسایش داوای کشانەوەی هێزەکەیان کرد، و عەبادی ٤٨ کاتژمێری بۆ کشانەوەیان دیاری کردو جەعفەری هەڕەشی بەکارهێنای هێزی کرد... بەلاّم توركیا گوێی بە و داواکاریانە نەداو سور بوو لەسەر مانەوەی لە خاکی عێراق دا بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داواکەی عێراق و کۆمکاری عەرەبی و بیانوەکانی تورکیا بۆ مانەوەی لە عێراق تکایە بڕوانە:** (**المكتب الرئيس الوزراء،رئيس مجلس الوزراء القائد العام للقوات المسلحة الدكتور حيدر العبادي يتراس اجتماع الوزاري للامن الوطنى**، http://www.pmo.iq/press ٢٠١٥/٦-١٢-٢٠١٥١.htm، **٦ كانون الاول ٢٠١٥**)(**جامعة العربية،اجتماع طارىء لمجلس جامعة الدول العربية على مستوى وزراء الخارجية**، http://www.lasportal.org/ar/news/Pages/NewsDetails.aspx?RID=٢٤،٥٨٩ **٢٤كانون الاول ٢٠١٥**)(**الجمهورية التركية–وزارة الخارجية،رد الناطق بأسم وزارة الخارجية تانجو بيلغيتش على سؤال حول قرار الصادر عن جامعة الدول العربية**

**داڕشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

**پاش تێپەڕینی سەدەیەك بە سەر دابەشكاری میراتی عوسمانی لە ناوچەكەدا لە لایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا...و بەردەوامی نا ئۆقرەیی ڕامیاری و سەربازی و ئاسایش و ئابوری و كۆمەڵایەتی... لە ساتە وەختی دابەشكارییەكەوە تا ئێستا، ئیدی پێویستە بە جارێكی دیكە سنورە خوێناویەكەی ناوچەكەدا بكێشرێتەوە، بە مەبەستی هاتنە دی چەند ئامانجێك كە بریتین لە :**

**١) ڕێگری كردن لە ڕشتنی خوێنی زیاتر:**

**لە پاش جەنگی جیهانی یەكەمەوە تا ئێستا شۆڕش و ڕاپەڕین وجەنگ بەردەوامە، هەمیشە سنورەكان خوێنیان لێ چۆڕاوە و هەمیشە هاوڵاتیانی بەشمەینەتی ئەم ناوچەیە باجی بەرژەوەندی ووڵاتانی زلهێزی سەدەیەك لەمەوبەریان داوە، ئەگەر كوردستان وەك نمونە وەربگرین پاش دابەشكردنی خۆنەویستانەی گەلەكەی بەسەر چوار دەوڵەتی داگیركەردا هەمیشە لە خەبات و بەرخۆداندا بوون[***] بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانی و كلتوری و ڕۆشنبیری...یەكانی خۆیان تەنها لە باشوری كوردستان لە ساڵی ١٩١٨وە گەلەكەی لە خەباتی بەردەوام بوە بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمودی حەفید تا نیوەی یەكەمی سیەكانی سەدەی ڕابوردوو، ئەمە جگە لەوەی لە ناوچەكانی تری باشوری كوردستانیش هەر خەباتی چەكداری بەردەوام بوە، پاشتر لە نیوەی یەكەمی سیەكانی سەدەی ڕابوردووە مەلامستەفای بارزانی سەركردایەتی شۆڕشی گرتە ئەستۆ ودواتر پاش گەڕانەوەی لە یەكێتی سۆڤیەت گەورەترین ڕاپەڕینی گەلی كورد بە ناوی شۆڕشی ئەیلولەوە هەڵگیرساند، كە لە هەندێك كاتدا دەیان هەزار كیلۆمەتر لە خاكی پیرۆزی كوردستانیان ئازاد كردوە، پاش نسكۆی شۆڕش، شۆڕشی نوێی گەلی كورد بەرابەرایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەڵگیرسا، پاشتر چەندین پارتی ڕامیار كوردی دروست بوون، كە ئامانجیان سەربەخۆیی خاك و گەلی كوردستان بوو، تا توانیان بە قۆستنەوەی**

---

بخصوص العناصر الاتراك المتواجدين في معسكر بعشيقة/زليكان من اجل تدريب المتطوعين العراقين، http://www.mfa.gov.tr/س_ج_-٣٥_-التاريخ_-٢٥-كانون-الأول_ديسمبر-٢٠١٥_-رد-الناطق-باسم-وزارة-الخارجية-تانجو-بيلغيتش-على-سؤال-حول-القرار-الصادر-عن-جامعة-الدول-العربية-بخصوص-العناصر-الأتراك-المتواجدين-في-معسكر-بعشيقة_زليكان-من-أجل-تدريب-المتطوعين-العراقيين.ar.mfa، ٢٥كانون الاول٢٠١٥)، لەم سەروبەندەش دا هاوپەیمانیەكی نوێ لەنێوان ووڵاتانی ئیسلامدا ڕاگەیەندرا، لە ڕاستیدا بۆ بینینی ڕۆڵی زیاتری هاوپەیمانیەكە لەو گۆڕانكاریانەی كە لە ناوچەكەدا ڕوو دەدات، ئەم هاوپەیمانیە لە نێوان ٣٤ دەوڵەتی ئیسلامی پێكهاتوە وەك ئاماژەی پێ دەكەن ئامانجییان شەڕی تیرۆرە لە بواری سەربازی و فكری و ڕاگەیاندندا، ئەمە جگە لەوەی هاریكاریش دەبێت لەگەڵ كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی ووڵاتە بەشداربووەكان تكایە بڕوانە: سمو ولي ولي العهد،: التحالف الاسلامي لمحاربة الارهاب سينسق مع الدول المهمة في العالم و المنظمان الدولية.. و ستصدي لاي منظمة ارهابية، http://www.spa.gov.sa/details.php?id=1429219، ١٥ ديمسبر٢٠١٥.

***- بۆ زانینی شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كورد لە پارچەكانی تری كوردستان، تكایە بڕوانە: سرو اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الي نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٣٦، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية-اربيل، ٢٠٠١، ص١٩١-٢١٤.

دۆخێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١دا دەیان هەزار کیلۆمەتر دووجا لە خاکەکەیان ئازاد بکەن و کیانێکی خۆ ڕێبەری تیادا دابمەزرێنن بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاشتریش دەیان پارتی کوردی تر دروست بوون کە ئامانجیان سەربەخۆی تەواوی کوردستان بوو، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق و دروست کردنی عێراقی نوێی فیدراڵ تا ئێستا حکومەتی هەرێم لە ململانێیەکی توندی سەربازی و ئابوری و ڕامیاری و جوگرافی و ئیداریی... یە لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بەجۆرێك کێشەکان قوڵ بوونەتەوە، هەڵگیرساندنی سەر لە نوێی جەنگ لە نێوان هەولێر- بەغا (پێشمەرگە و حەشدی شەعبی)لە هەموو کاتێك دا ئەگەرێکی کراوەیە و پێدەچێت جەنگی ئایندەمان بێت پاش کۆتایی هاتنی جەنگی داعش.

ئەمە بۆ پارچەکانی تری کوردستان و بۆ ئاین و ئاینزاکانی تری ناوچەکەش هەر دروستە، بۆیە مانەوەی بارودۆخەکە بەم جۆرە، بەمانای نا ئارامی زیاتر و ڕشتنی خوێنی زیاتری نەك ناوچەکە بەڵکو هەموو جیهانیش* دێت.

٢) ڕێگری کردن لە بلاَبوونەوە بیری توندڕەوی ئاینی:

پاش دابەشکردنی خێر و بێری ئیمپراتۆری پیاوە نەخۆشەکە، لە لایەن دوژمنەکانیەوە، هەرگیز ڕەچاوی جیاوازی نەتەوە و نەژاد و ئاین و ئاینزای میراتی پیاوە نەخۆشەکەیان نەکردووە، هەرگیز ڕەچاوی توندوتیژی ئایندەو لێکترازانی خاك و پێکهاتە بەزۆر بەیەکەوە لکاوەکەی گەلانی وولاَتە نوێیەکانیان نەکردوە، ئەگەر نا بە چ لۆجیکێك دوو نەتەوەی جیا لە ڕووی نەژاد و کلتور و زمان و مێژوو و بونیادی ئەنثرۆپۆلۆجی لە چوارچێوەی وولاَتێکدا کۆدەکەنەوە کە تا دوا سنور ئەم گەلانە دواکەوتوو لە ئاستی ڕۆشنبیری و نزم لە ئاستی شارستانی و زانستی و ئاینی دان؟ ئەگەر نا چۆن دەکرێت دوو ئاینزای جیاواز لە سنوری یەك دەوڵەتدا کۆبکەنەوە کە تا سەر ئێسقان تامەزرۆی سڕینەوەی یەکدین و ململانێی زۆر توند و خوێناوی لە نێوانیان دا هەیە؟ ئەگەر نا چۆن دەکرێت نەك ئاینزای جیاواز بەڵکو مەزهەبە جیاوازەکانی یەك ئاین- یش لە چوارچێوەی یەك وولاَتدا کۆکەنەوە(شیعیە- سنونی بەنمونە) کە بە لە ١٣ سەدە زۆرترین خوێن ڕشتن و توندترین ململانێی فقهی و شەرعی و سەربازی... لە نێوانیان دابوو؟

ئەمەش یارمەتی دەربوو بۆ دانانی ماسکی بە ناو پێکەوەژیان و کەوتنە ئەنجام دانی ڕەشە کوژی لە یەك دی و کوشتنی هاوڵاتیان تەنها لەسەر شوناس و ناسنامە و مەزهەبی جیاواز، تەقاندنەوەی مزگەوت و حسەینیەکان

---

*- کێشەی ڕامیاریەکانی ناوچەکە بە تایبەتی پرسی جەنگی تایفی و جەنگی تیرۆر بۆتە پرسێکی جیهانی، بۆ نمونە لە کۆی (٦٥) بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠١٥دا زیاتر لەنیوەی بڕیارەکانی تایبەت بوە بە جەنگی تیرۆر ، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕیارە گرنگەکانی تایبەت بەجەنگی تیرۆر، تکایە بڕوانە(CNN، تصدر الازمات التي تشهد العديد من الدول العربية، و في مقدمتها سوريا و ليبيا، اضافة الي ملف محاربة الارهاب، ابرز القرارات التي اصدرها مجلس الامن الدولي خلال العام ٢٠١٥، http://arabic.cnn.com/middleeast/2015/12/30/arab-security-council-2015، ٣٠ديسمبر٢٠١٥.)

و بازار و ئاهەنگەكانی یەكدی، تەنانەت دروست كردنی ڕێكخراوی سەربازی* و ڕامیاری بۆ دژایەتی كردنی ئەودی دی، بە دەركەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و پاشتر ڕاگەیاندنی خەلافەت، جیاوازی و خوێن ڕشتنەكەی گەیاندە لوتكە.

٣) ڕێگری كردن لە كۆچی بەردەوامی گەنجان بۆ وولاَتانی پێشكەوتوو:

پاش دەركەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام لە سوریا بەهێزێكی زۆر مەزنەوە و پاشتر داگیركردنی زۆرینەی ناوچەی سێگۆشەی سونی مەزهەب لە عێراقدا لە ماوەیەكی كاتی زۆر كورت دا، بوە هۆی دەربەدەر بوونی ژمارەیەكی زۆر لە هاونیشتمانیان بە تایبەت ئاین و ئاینزای جیاوازی وەك ئێزیدی و مەسیحی و كاكەیی و شەبەك...تەنانەت موسڵمانە شیعەكانیش، بۆیە ئێستا تەنها لە سوریا ٧,٢**ملیۆن هاولاَتی ئاوارە بوون، لە عێراقیش زیاتر لە٣,٢ملیۆن هاولاَتی ئاوارە بوون***. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ملیۆنەها هاولاَتی ناوچەكە بە گشتی و سەدان هەزار هاولاَتی ناوچە گەرمەكانی عێراق و سوریا ... ڕوویان لەوولاَتانی خۆرئاوا كردووە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی* ، كە ئەمەش بوە بە كێشەیەكی جیهانی گەورە لە ڕووی ڕامیاری و ئابوری و ئاسایش و سەروەری خاك و كلتوری و ڕۆشنبیری و كۆمەلاَیەتی و دیمۆگرافی... هەوە.

---

* – بەهۆی بەردەوامی شلەژانی سیاسی و ئابوری و كۆمەلاَیەتی و گەندەڵی و دیكاتۆری و شۆڕش و ڕاپەرینەكان لەناوچەكەدا، بۆتە هۆی بلاَ بونەوەی هەژاری و نەزانی و دەستەبەركردنی زەمینەیەكی زۆر باش بۆ گەشەكردنی بیری توندڕەوی و پەلكێش كردنی لاوان و منداڵان بۆ ناوگروپە تیرۆرستیەكانی وەك: دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام(داعش)، بەرەی نوسرە، گروپی خۆراسان، ڕێكخراوی قاعیدە، حەشدی شەعبی،حوسی،جەیشی موجاهدین و ئەنسار،گروپی سەلەفی موجاهیدجەیشی راشدین، ئەنسار سونە، ئەنسار ئیسلام، جەیشی ئیسلامی...بۆ نمونە تەنها بەهۆی كرداره توندوتیژیەكانی هەندێك لەم گروپانە لە هەندێك ناوچەی عێراق دالە ساڵی٢٠١٥ ، دەیان هەزار هاولاَتی عێراقی بونەتە قوربانی بۆ زانیاری زیاتر تكایە بڕوانە: یونامي، حصیلة اعداد الضحایا لشهر كانون الاول ٢٠١٥ الصادرة عن الامم المتحدة، http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k٢&view=item&id=٥٠٦٥:٢٠١٥&Itemid=٥٥٦ &lang=ar، ١اكانون الثاني٢٠١٦.

** – ٧,٢ملیۆن هاولاَتی سوری ئاوەره بوون و ١٢,٢ ملیۆن سوری پێویستیان بە یارمەتییە، بەگشتی سێ لەسەر چواری سوریەكان پێویستان بە هاریكاری مرۆیی هەیە، لە ئێستادا سوریا بوە بە گەورەترین كێشەی ئاوارە بوون لە جیهاندا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دۆخی سوریا تكایە بڕوانە: ( united nation office for the coordination of humanitarian affairs, Syria crisis regional overview, http://www.unocha.org/syrian-arab-republic/syria-country-profile/about-crisis,08,01,2016)

*** –بەهۆ دەركەوتنی داعش لە عێراق زیاتر لە ٣,٢ملیۆن هاولاَتی عێراقی ئاوارە بوون، جگە لەوەی زیاتر لە ٨ملیۆن كەس بێ حاڵ و ماڵ بوون و پێویستیان بەیارمەتی ڕۆژانەیە بۆ ئەوەی پێی بژین، بۆ زانیاری زیاتر تكایە بڕوانە:( united nation office for the coordination of humanitarian affairs, Iraq http://www.unocha.org/iraq,7.01.2016)

* –كۆمسیۆنی باڵای نەتەوەیەكگرتوەكان بۆ كاری پەنابەران دەڵێت: ململانێی چەكداری و چەوساندنەوە و داتەپینی باوردۆخی ئابوری وا لە هاولاَتیان دەكات كە نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕووبكەنە ئەوروپا، تەنها لە ٢٠١٥دا زیاتر لە یەك ملیۆن هاولاَتی عێراقی و سوری... لە دەریاوە گەیشتونەتە ئەوروپا، ٥٠٪ هاولاَتی سورین و ٧٪ هاولاَتی عێراقین، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی كۆچ كردوان و مردوان لە ناو دەریا ، تكایە بڕوانە: (مركز انباء الامم المتحدة،مفوضیة اللاجئین: اكثر من ملیون لاجيء و مهاجر

**مانەوەی بارودۆخەکە بەم جۆرە، بە واتەی چۆڵ بوونی ناوچەکە دێت لە دانیشتوان و کۆچکردنیان بۆ وولاَتانی پێشکەوتوو بە گشتی و وولاَتانی خۆرئاوا بەتایبەتی. ئەمە جگە لەوەی تەواوی ناوچەکە دەبێت بە گۆڕەپانی سەربازی یەکلاکردنەوەی ململانێ سەربازی و ئابوری و ڕامیاری .... دێرینەکانی نێوان وولاَتانی جیهان لەم ناوچەیەدا.**

**٤) گەشە پێدانی ناوچەکە:**

**بە درێژایی سەدەی ڕابووردوو وولاَتانی جیهان بەگشتی و بە تایبەتی وولاَتانی ئەوروپا، گەیشتنە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و پێکەوە ژیان و داهێنان... لە هەمان کاتدا ئەم ناوچەیە و بەدیاریکراوی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکەکەی بەرەو کوێرەوەری و نەخوێندەواری و برسی کرد و کوشت و بڕین و بێ بەشکردنی لە سادەترین مافی ژیان بران، لە هەندێك کاتدا تەنها مافی مرۆڤ بونیشان پێ ڕەوان نە دەبینرا، بە شاخاوی یان بە ڕێگر یان بە تێکدەر ناو دەبران، بە داهاتی سروشتی خۆیان(پەترۆلی دزراو بەنمونە...)و توانای مرۆیی(جاش، قروجی، بەسیج، ئیتلاعات، جەندرمە، جندی...)ژێرخانی ناوچە کوردستانیەکانیان وێران کرد، ئەو شوێنانەی کە داگیریان دەکرد بە جۆرەها بۆمب و مینی زەمینی پیس دەکران، بۆیە ئیدی کاتی بواژنەوەی ناوچەکە[**] و وەبەرهێنانی زەوی و دەرامەتە سروشتی ومرۆییەکانی ناوچەکە و دروست کردنی ژیان و شارستانیەتیەکی نوێ هاتوە لە لایەن هاونیشتمانیانی ناوچەکەوە، بە ئامانجی دروست کردنی پردی پەیوەندی ئابوری و کلتوری و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و زانستی لەگەل گەلانی تری جیهان، ئەگەر نا ئەوا نەك ناوچەکە بەڵکو تەواوی گەلانی جیهانیش دەبنە قوربانی بارودۆخی ناوچەکە[*].**

---

**فـــــــروا الـــــــــي اوربـــــــــا عـــــــــن طريـــــــــق البحـــــــر،** (http://www.un.org/arabic/news/story.asp?NewsID=25301#.Vo9pwftxlMt، ٢٠١٥/١٢/٣٠).

[**] **–پاش ئەوەی داعش لە مەی ٢٠١٥ ڕومادی و هەندێك ناوچەی کۆنترۆڵکرد،لە٢٨ دیسەمبەر زۆربەی شوێنەکانی شاری ڕوومادی ئازاد کرا، وەزیری کارەبای عێراقی فیدڕال دەڵێت"٨٠٪ ڕوومادی وێران بوە"، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار دەڵێت بە پێی خەملاندنی سەرەتایی ئەنجومەنەکەیان ئاوەدانکردنەوەی ئەنبار پێویستی بە ٤٧ملیار دۆلار دەبێت و عێراق بڕی ١,٢ ملیار دۆلاری لە سندوقی نەقدی نێودەوڵەتی بەقەرز وەرگرتوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە وێرانکراوەکانی جەنگی داعش، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: عمر عبد اللطيف، مجلس الانبار يقترح اطلاق حملة عمل طوعيي لاعادة تأهيل المحافظة،** http://www.alsabaah.iq/ArticleShow.aspx?ID=١٠٧٢٥٥، ٢٠١٥/١٢/٣٠. و (**السـومرية نيوز،الزبيـدي: ٨٠٪حجـم الـــدمار الــــذي لحـــق بالرمـــــادي و مجلـــس الــــوزراء ناقشـــه بالتفصـــيل-** ٩b٪٨aa%d٪٨%d /ar?utm_campaign=magnet&utm_source=article_page&utm_medium=related_articles، ٢٩ **كـانون الاول** ٢٠١٥.

[*] **–کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری کردۆتە سەر تەواوی پشك و نرخ و ئابوری جیهان لە ساڵی ٢٠١٦دا بۆ زانیاری زیـاتر تکایـە بڕوانـە:**( bbc **عربي،هبـوط الاسـهم العالميـة بسـبب الصـين و تـوترات الريـاض و طهـران،** http://www.bbc.com/arabic/business/٢٠١٦/٠١/١٥١٢٢٩_global_stocks_sharp_decline، ٥**يناير** ٢٠١٦.

**باسی سێیەم: ئایندەی کوردستان لە جوگرافیای نوێی ڕێکەوتننامەی ئۆباما– پۆتن دا:**

وەك ئاشکرایە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو تا ئێستا بە کردەیی سود مەند نەبوو لە هیچ یەکێك لە ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت ڕێکەوتنامەکانی نێوان وولآتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی تایبەت بەماف و ئازادیەکانی گەلانی ڕزگاربووی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها سودمەندیش نەبوو لە گەلآڵەنامەکەی وڵسن و پاشتر لە پابەندکردنی ئەو وولآتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا لەلایەن کۆمەڵەی گەلان و پاشتریش جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی تری جیهانی، بۆ دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی، بەڵکو لە سادەترین ماڤ هاولآتی بوونیش بێبەش کران و زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی پرۆسەکانی نکۆڵیکردن لە بوون و جینۆساید و دەربەدەرکردن.. بونەوە، جگە لەبەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە ،کورد هیچ ڕێگایەکی دی لەبەر دەمدا نەما بەلایەنی کەم بۆ پاراستنی نەتەوەکەی لەقڕکردن و لەناوبردن، بۆیە لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا تفەنگی پارێزگاری کردن لە ناسنامەی کورد بێدەنگ نەبووە[**] و هەمیشە لە خەبات دا بوە دژی داگیرکەرانی کوردستان، داگیرکەرانی کوردستانیش بەیارمەتی وولآتانی زلهێزی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان بە هەموو توانایانەوە ڕووبەڕووی بەرخۆدانی ئەم گەلە بوونەتەوە، هەرگیزخۆرهەلآتی ناوەڕاستیش ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە.

بۆ نەڕژاندنی خوێنی زیاتر لە خۆرهەلآتی ناوەڕاست بەگشتی و بەتایبەت تر لەو وولآتانەی کە گەلی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، پێویست دەکات دووبارە نەخشەی خۆرهەلآتی ناوەڕاست بکێشرێتەوە، چونکە بە بێ دووبارە داڕشتنەوەی سنورەکان هەرگیز نە گەلی کورد دەستبەرداری مافە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی دەبێت نە ناوچەکەش لە ئاگری تورەیی و ڕاپەڕینی گەلی کورد پارێزراو دەبێت، نە ئاشتی و ئاسایش– یش باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت. ئەمەش تەنها بە گەڕاندنەوەی ماف دەبێت بۆ خاوەن مافەکان و دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆیان، بە تایبەتی نەتەوەی کورد کە تا ئێستا یەکێك لە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لەسەر ئاستی جیهان،

ئەو هەنگاوانەی کە پێوستە بگیرێنەبەر بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی:

هیچ گومانی تێدا نیە ئەنجام دانی ڕیفراندۆم باشترین و شارستانیترین و دیموکراسیترین شێوازی بەرجەستەکرنی ماڤ تاکە لە بڕیاردان لەسەر هەر پرسێکی نیشتمانی، نەتەوەیی، ڕامیاری ، ئابوری... دا، بەلآم

---

**–لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردووە تا ئێستا وە بە دیاریکراوی لە ساڵی١٩٨٤–ەوە کورد لە ململانێیەکی زۆر خوێناوییە لەگەڵ داگیرکەرانی خاك و گەلەکەی لە تورکیادا، تا ئێستا دەیان هەزار کوژراو لە هەر دوولا هەیە، بەلآم لەتەمووزی ٢٠١٥وە جەنگ گوازراوەتەوە بۆ ناو شارە کوردیەکانی باکور و دەیان جار قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەو ناوچانەدا ڕاگەیەندراوە و زیاتر لە ٤٠٠ سەربازی تورکی و ١٨٦ هاولآتی سیڤیل کوژراون، ئەمە جگە لەوێران بوونی زۆر ناوچە لە شارە کوردییەکان، پێدەچێت هەمان دۆخ و چارەنوسی دەوڵەتی سوریا لە تورکیا دووبارە ببێتەوە، بۆ زانینی جەنگ و ئالۆزیەکان و ژمارەی قوربانیانی جەنگەکە لەباکوری کوردستان تکایە بڕوانە: ( peoples democratic party,urgent call for solidarity and action, https://hdpenglish.wordpress.com/2015/12/23/urgent-call-for-solidarity-and-action/,23,12,2015.)

بە گەڕانەوە بۆ مێژوویـەکی زۆر نزیکـی دەوڵـەتی عێراقی فیـدڕاڵ،دەبینین یەکلاکردنـەوەی چارەنوسـی کـارگێری ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هـەرێم بـەم پرۆسـەیە سـەرکەوتو نـەبوو[*]، ئـەویش لەبـەر کۆمـەڵێك هۆکـاری مەزهـەبی و نەتـەوەیی و ئـاینی و بەرژەونـدی هـەرێمی و نێودەوڵـەتی... بۆیـە ناکرێـت هـەمان هەڵـە لـە پارچەکانی دی دووبارە بکرێتەوە، باشترین ڕێگاچارە دەست نیشان کردنی ئەو ناوچانەیە(یەکە کارگێریانـە) کـە بە بەشێك لە کوردستان ناویان هاتوە لە نەخشەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە یان سەدەی نۆزدەی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی، چ نەخشەکان لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە کێشرابێت یان لە لایەن وولاتانی تری خۆرئاواوە. چونکە هیچ ڕێگایەکی دی نیە بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەی کە لکێندراون بە دەوڵەتانی تـری ناوچەکەوە، جگە لەوەی لەساتی دروستبوونی کۆمارەکانی تورکیا و سوریای عەرەبی و دەوڵەتی عێراق و شـای ئێرانەوە بەردەوام نەك دژایەتی گەلی کورد بەڵکو ئینکاریشیان لە بوونی گـەلی کـورد کـردووە، نـەك هـەر جـەنگی سەربازی بەڵکو جەنگی ئاماری و ناسنامەشیان بەرامبەر گەلی کورد جێ بەجێکردووە، بۆیە ناتوانرێت پشت بـە سەرژمێرییە گشتیەکانی ئەو دەوڵەتانە ببەسترێت بۆ زانینی ڕێژەی ڕاستەقینەی گـەلی کـورد بـە پێـی جیاوازیـە شـوێنیەکان، ئـەمـە جگـە لـەوەی لـە وولاتێکـی وەکـو کۆمـاری سـوریای عـەرەبی تـا ئێسـتاش هاونیشـتمانییە کوردەکانیان لە ناسنامە و ڕەگەزنامە بێ بەش کردوە[**] و بە بیانی یان بە مەکتومین ناویان دەبەن[***].

*–مادەی ١٤٠ لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری ڕامیاری و نەتەوەیی و مەزهەبی و شۆڤێنی و هەرێمی و نێودەوڵەتی... لـە مـاوەی یاسـایی و بگرە لە شەش مانگی زیادکراو بۆ جێ بەجێ کردنی مادەکە جێ بەجێ نەکرا بۆ زانیاری زیـاتر تکایـە بڕوانـە: احمد رفیـق کـریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤، ل٣٤١–٣٨٥.

**– پـاش سـەردانەکەی مسـعود بـارزانی سـەرۆکی پێشـووی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ ئیمـارات و سـعوودیە و تورکیـا و پێشـوازیکردنی لـە لایـەن بەرپرسـانی هـەرە بـاڵای ئـەو وولاتانـە لـە( ٢٩نۆڤەمبـەر –١٠ دیسـەمبەری٢٠١٥)بە پێـی زانیارییـە دزە پێکراوەکان و باس لە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی کراوە لە هەردوو بەشی باشور و خۆرئاوا و دەولەتـەکان بەمـە رازی بـوون و تورکیا بەڵێنی رازیکردنی کۆمکاری عەرەبی و نەتەوەیەکگرتوەکانی داوە بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها بارزانی لـە کۆبونـەوەی ڕۆژی ٢٦ینایری ٢٠١٦لەگەڵ پارتە کوردستانیەکان (بێجگە لەبزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و پارتی ئاینـدە)کۆبۆوە، یـەکێك لـەو تەوەرانەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا پرسی ڕیفراندۆم بوو. زانیاری لەسەر سنور و کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکە و مەرجەکانیان بۆ دروسـت کردنـی دەوڵـەتی سـونی لـە عێـراق دا، تکایـە بڕوانە:(عومـەر جـاف، دوو دەوڵـەتی کـوردی و سـونی بـەڕێوەن،(http://basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/٢٤٩٨٣٩)لـە٢٣دیسـەمبەری ٢٠١٥)، بـۆ زانیـاری زیـاتر سەردانەکانی بارزانی بۆ دەرەوە تکایە بڕوانە(سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، جێنشینی ئەبوزەبی پێشوازی لـە بـارزانی دەکـات (http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=9vhIBB+XFKc=)لـە٢٩نۆڤەمبـەری٢٠١٥)
(سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان، بـارزانی لەگـەڵ شـای سـعودیە کۆبـووەوە،(http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=lCsFwLe4RWI=)لە١دیسەمبەری٢٠١٥)(سـەرۆکایـەتی هـەرێمی کوردسـتان،بارزانی لەگـەڵ سـەرۆك کۆمـار و سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا کـۆبـووەوە(http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=mhP+TPKkLE8= )لـە٩ی دیسـەمبەر٢٠١٥دا).بـۆ زانیـاری لەسـەر نـاوەڕۆکی کۆبونـەوەی مسـعود بـارزانی وپارتـە کوردیـەکان و پرسـی ڕیفرانـدۆم تکایـە بڕوانە:(سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان، ڕاگەیەنـدراوی کۆبونـەوەی پارتـە سیاسـییەکانی هـەرێمی کوردسـتان، http://www.presidency.krd/Kurdish/articledisplay.aspx?id=Fs٦Vo٥+tvA٦=،٢٦ینایر٢٠١٦)

لە ئەگەری جێ بەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە*، چوارچێوەی ئەو ڕووبەرە جوگرافیەی کە بۆ گەلی کورد دەست نیشان دەکرێت وەك نەخشەی ژمارە (1) دەبێت، بەلاْم لە ئەگەری کێشانەوەی سنوری ناوچەکە لەسەر بنەمای تائیفی یان نەتەوەیی ئەوا ڕووبەری هەرێمی کوردستان زۆر بچوك دەبێتەوە ڕەنگە زۆر کەمتر بێت لە نیوەی ڕووبەری ئاماژە پێکراو، چونکە زۆرێك لە ناوچەکان بە تایبەتتر ناوچەی لێکەوت لەگەڵ گەلانی فارس و عەرەب و تورك هیچ شوناسێکی کوردستانی بوونیان پێوە نەهێڵدراوە.

بەلام بەدی هێنانی ئەم خەونە دەکەوێتە سەر سەنگینی سەربازی و ئابوری و ڕامیاری و کارگێڕی حکومەتی هەرێم و یەکڕیزی و تەبایی و پارتە کوردستانیەکانی هەرچوار پارچە، نەبوونی هیچ یەکێك لەم مەرجانە و خۆ قاڵکردنمان بە بەرژەوەندییە تایبەتی و کەسی و بنەماڵەییەکان، هێنانەدی خەونەکانمانی لە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە نزیك کردۆتەوە لە خەیاڵ.

**دەرئەنجام:**

دەتوانین کۆی توێژینەوەکە لە چەند ئەنجامێکدا کورت بکەینەوە کە بریتین لە:

١- بە هۆی دووبەرەکی ناوخۆیی و دابەش بوونی جوگرافی و دواکەوتویی و نا ئامادەی گەلی کورد بۆ پچڕینی بەش لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، زۆر بە سانای لە دژی یەك و لە دژی دەوڵەتانی دی بەکارهێنراون و ڕێکەوتنامەی سایکس - پیکۆ و هەموو ڕێکەوتنەکانی دیشیان بەسەر دا جێ بەجێ کراوە، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاش زۆرینەیان بونیان ماوە، بۆیە بە سەرنج دان لە بارودۆخی ئێستای کوردستان دوور نیە لە نەخشەکێشانەوەی ناوچەکەدا هەمان سیناریۆ دووبارە بکەینەوە، تەنانەت هەرێمی کوردستانیش دابەشی هەردوو هاوپەیمانیە جیهانیەکە بکرێت.

٢- ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ یەکەم ڕێکەوتنامەی بەجەستەکراوی سەدەی بیستەم بوو، لە هەمان کاتیش دا سەرەتایەك بوو بۆ کۆمەڵێك ڕێکەوتنامەی دی دژی دۆزی کورد لە نێوان وولاْتانی زلهێزی ئەو کاتی جیهان، بۆ دابەش کردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی.

٣- لە ڕێکەوتنی سایکس- پیکۆ دا نەك گەلی کورد بەشدار و لایەنێکی ڕێکەوتنەکە نەبوە، بەڵکو هەر زانیاریشی لەسەری نەبوو، ئەمە جگە لەوەی تەنها بە یەك ووشەش ئاماژە بە زاراوەی کورد وکوردستان نەکراوە

***- لەسوریا زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ هاوڵاتی کورد لە ناسنامە و ڕەگەز نامەی سوری بێبەش کراون حکومەت بە بیانی یان بە مەکتومین ناویان دەبات، جگە لەوەی لەماف هاونیشتمانی بوون بێبەش کراون، بەچاوێکی نزمتر لە ئاسایی لەم هاوڵاتیانە دەڕوانرێت، بۆ زانیاری زیاتر لە بێ بەشکردنی کورد لە مافە ڕامیاری و فەرهەنگی و مەدەنییەکان تکایە بڕوانە: کەریم یەڵدز،کورد لەسوریا، و.شاهۆ قادر خانزادە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٩،ل١٩٦-٢٥١.

*- بارزانی لە دوا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتەکەی لە٢١دیسەمبەری ٢٠١٥دا داوای ئامادەسازی کرد بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، هێڤیدار ئەحمەد،بارزانی داوای ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەکات، (http://rudaw.net/sorani/kurdistan/٢١١٢٢٠١٥٢١?keyword=ریفراندۆم) ٢١دیسەمبەری ٢٠١٥دا.

له هیچ یەكێك له(١٢)مادەكەی ڕێكەوتنەكەدا، بەڵكو بەكردەوە خاكەكەی لە دوو پارچەوە دابەشی چوارپارچە كرد و داگیركەرەكانیش لە دوو داگیركارەوە كرد بە چوار داگیركار و چارەسەری كێشەی كوردی بۆ هەتا هەتایە كرد بە مەحاڵ و گەلەكەشی توشی سڕینەوەی بوون و لەناوبردن و دەربەدەركردن و سوتماك كردنی خاكەكەی هات. بەڵام بە پێچەوانەوە ژمارەی ووشەی عەرەب لە ڕێكەوتنامەكەدا لە ژمارەی مادەكانی ڕێكەوتنامەكە زیاترە، ئەمەش بۆ سوربوون و پەیوەندی شەریف حسێن و پێگە ئاینی و كۆمەڵایەتییەكەی دەگەڕێتەوە لەناوچەكەدا. كەواتە گەلی كورد نەیتوانی نە كارتی زۆری ژمارەی دانیشتوان و نەتەوە نە ئاین نە ئابوری نە تەكتیكی ڕامیاری بەكاربهێنێت لە خزمەتی دۆزەكەیدا.

٤- ڕێكەوتی سایكس- پیكۆ، هۆكاری سەرەكی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و نائارامی ڕامیاری و ئابوری وكارگێڕی و سەربازی...ەكانی ناوچەكە بوە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابووردوو و هۆكارێك بوو بۆ قوڵبوونەوەی كێشەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەكان بۆ هەمیشە و بەگژدایەكردنی هەموو ئەو گروپانەی كە دەیان سەدە بوون بە ئاشتی و ئارامتر لە ئێستا لە ناوچەكەدا پێكەوە دەژیان.

٥- ڕێكەوتنامەی سایكس- پیكۆ لە نێوان كۆمەڵێك كارئەكتەری سیاسی بۆ كۆمەڵێك ئامانجی تایبەتی لە ڕووبەرێكی جوگرافی ئەنجام درا، چاوەڕوان دەكرێت هەمان یان زۆرینەی كارئەكتەرەكان، لە هەمان ناوچەی جوگرافی و هەندێك شوێنی تر بۆ هەمان ئامانج لە ناوچەكەدا ڕێكەوتنێكی نوێ ئەنجام بدەنەوە لە ژێر هەر ناو ناونیشانێكدا بێت.

بۆ نمونە لە سەدەی ڕابووردوودا شەریف حسێن و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی شای قاجارییەكان بوونیان هەبووە لە ناوچەكەدا، ئەمە جگە لە لایەنی سەرەكی ڕێكەوتنامەی سایكس- پیكۆ، لە ئێستاشدا هەمان هێز لەناوچەكەدا هەن وەك كۆماری ئیسلامی ئێران و شانشینی سعودی و كۆماری توركیا، بەڵام لایەنی سەرەكی ڕێكەوتنامە نوێیەكە بەڕابەرایەتی ئەمەریكا و ڕوسیای فیدراڵ دەبێت.

٦- گۆڕانكاری لە تەرازوی هێزی جیهانیدا هەمیشە كاریگەری لەسەر چارەنوسی گەلی كورد هەبووە، پاش ڕوودانی شۆڕشی ئۆكتۆبەر، حكومەتی نوێی سۆڤیەت پشتگیری ئەتاتوركی كرد دژی دوژمنە هاوبەشەكەیان( هاوپەیمانان) و گەلی كوردیشیان لە هیوا و كۆمەكی سۆڤیەت كرد، لە بەرامبەریشدا بەریتانیا و فەرەنسا فشارەكانیان لەسەر كەمالیەكان كەم كردەوە و پاشتر ڕێكەوتنامەی لۆزان جێی سیڤەری گرتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەساڵانی دواتر دا لەسەر حسابی گەلی كورد و خاكی كوردستان چەندین ڕێكەوتن و پەیماننامە كراوە، وەك پەیمانی بەغا و ڕێكەوتنی جەزائیر...سەرەڕای ئەوەی گەلی كورد هەمیشە قوربانی ململانێی جەنگی سارد بوو، بەڵام لەسستمی نوێی جیهاندا توانی نیوەی خاكەكەی لە باشوری كوردستان ئازاد بكات، ئەمە جگە لەوەی بە هاتنەوەی ڕوسیا بۆ ناوگەمەی جیهانی پاش دابرانی بۆ چارەكە سەدەیەك، ئەگەر هەیە گەلی كورد بكرێنەوە قوربانی لەناوچەكەدا.

## پێشنیار

بەمەبەستی قۆستنەوەی هەموو ئەگەرێك لەم ململانێ توندە ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و پەیمان-بەندییەی...كەلە ناوچەكەدا ڕوو دەدات دەبێت خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بكەین بەمەبەستی هێنانەدی ئەو خەونەی كە سەدەیەك لەمەوبەر لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئاواتمان بۆی دەخواست، تا ئەم دەرفەتەشمان لە دەست نەچێت دەبێ ئەم هەنگاوانە و چەند هەنگاوێكی تر بنێین كە بریتین لە:

١- لەسەر ئاستی باشوری كوردستان:

أ- ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كوردستان و بەدی هێنانی ئاشتەوایی ڕاستەقینە لە نێوان لایەنە ڕامیاریەكانی كوردستان و یەكگوتاری و یەك هەڵوێستی لە نێوان لایەنە كوردستانیەكان و وەلانانی بەرژەوەندی حزبی و شەخسی و بنەماڵەیی و كاركردن بۆ بەرژەوەندییە باڵاكانی كورد و كوردستان.

ب- بەدامەزراوەیی كردنی دام و دەزگاكانی كوردستان و یەكخستنی هێزی پێشمەرگە و سەروەركردنی یاسا و بلاوكردنەوەی گیانی دیموكراسی لە هەرێم و پیشاندانی ڕووی گەشی فەرمانڕەوایی كوردی بۆ گەلانی جیهان. بەمەرجەعكردنی پەرلەمانی كوردستان بۆ هەموو پرسە كوردستانییەكان، بە پرسی سەربەخۆیی كوردستان-یشەوە.

ت- بە نیشتمانی كردن و بە ئەكادیمی كردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و ئامادەكردنیان بۆ قۆستنەوەی هەر ئەگەرێك كە لەنەخشە سیاسی ناوچەكە ڕوو‌بدات، یان بۆ هەر دەستدرێژییەك كە بكرێتە سەر كوردستان.

پ- پلانڕێژكردنێكی وورد بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دەربەدەرە عەرەبە عێراقیەكان(النازحين)، بە جۆرێك داڵدەدانیان بقۆزرێتەوە بۆ هاریكاری كوردستان، نەك ببنە مایەی هەڕەشە لەسەر دەستكەوتەكانی باشوری كوردستان.

٢- لەسەر ئاستی كوردستان

أ- ئاشتەوای نیشتمانی لە نێوان سەرجەم پارتە كوردستانیەكان، لەبری هاریكاری و دەستگرتنی دوژمن بۆ سەر بارەگای پارتە كوردستانیەكانی دی.

ب- هاریكاری كردنی هەر پارتێك یان هەر پارچەیەك كە پێویستی بە هاریكاری هەر پارتێك یان حكومەتی هەرێم بێت، چ لە ڕووی ڕامیاری یان سەربازی یان دارایی.... چونكە هەرگیز گەلی كورد نە وەك ئێستا باری ئابوری باش بووە و بۆری نەوت و گازی هەبووە، نە كیانی كارگێڕی و ڕامیاری، نە چەك و چۆڵی سەبازی قورس و گرانی هەبووە، نە هێزی ڕێكخراو و نیمچە ڕێكخراوی هەبووە، نە وەك ئێستاش هەستی نیشتمانی بەرز بوە لە لای تاكی كورد، نە وەك ئێستاش ئاشنایە بە زانیارییە نهێنیەكانی ئەرشیفخانەكانی وولاتانی زلهێزی ئەو دەمەی جیهان ، بە تایبەت بە بەرنامە داگیركاریەكان و خاڵی لاوازی گەلی كورد لەو دەمەدا. نەك وەك ئێستاش پشتگیری نێودەوڵەتی هەیە و نوێنەرایەتی جیهان دەكات لە جەنگی دژی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش).

ت- بەستن و بە مەرجەعکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بۆ بڕیاردان لەپرسە چارەنوس سازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پلان ڕێژی و خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێك کە لە ناوچەکە دا ڕوودەدات.

٣- لەسەر ئاستی عێراق:

أ- نەکشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەهەر ناوچەیەك کە بەخوێن گرتبێتی،چونکە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت تەنها هەنگاوی یەکەمی مادەی ١٤٠ جێ بەجێ نەکراوە سەرەڕای تێپەڕینی ١١٠ مانگ بەسەر وادەی ئاسایی و یاسایی جێبەجێکردنیدا ، بۆیە هەرگیزا و هەرگیز ئەم مادەیە لەبەر کۆمەڵێك فاکتەری شۆڤێنی و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و بالآنسی هێزی ناوچەی و نێودەوڵەتی جێ بەجێ ناکرێت، مەگەر بە سەپاندنی ئەمری واقع .

ب- بەشداری نەکردن لە جەنگی ئازادکردنەوەی موسڵ و حەویجە... بەبێ دەستکەوتی جوگرافی، سەربازی، ئابوری... چونکە هیچ گومانی تێدا نیە پاش کۆتایی هاتنی داعش،جەنگی ئایندەمان جەنگ دەبێت لەگەڵ حەشدی شەعبی لەسەر جوگرافیا یان مەزهەب، یان نمایش کردنی هێز...دەستدرێژی حەشدی شەعبی لە کەلار و کفری و دوزخورماتوو ئاماژەی بەهێزن بۆ ئەم جەنگە نوێیە. لەکاتێکدا لەو پەڕی لاوازیدا بوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناوچەی نوێیان پێشکەشی داعش دەکرد.

ت- کارکردن بۆ بێهێزکردنی حکومەتی ناوەندی، چونکە هێزی حکومەتی هەرێم پەیوەندییەکی پێچەوانەیە لەگەڵ هێزی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ. لاسەنگ بوونی هەر یەکەیان بەمانای بەهێز بوونی ئەوی تریان دێت.

٤- لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

أ- نەچونە ناو هیچ هاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، بە ئامانجی لە دەست نەچوونی ئەو دەستکەوتە کەمەی کە لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابووردوو بەدەستمان هێناوە و بە گۆڕەپان نەبوونی کوردستان بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێی وولآتەزلهێزەکان و بە هەدەر نەدانی توانای مادی و مەعنەوی و خوێنی کورد لەم جەنگەدا، جگە لەوەی هەر چوار وولآتە داگیرکەرەکەی کوردستان بەسەر هەردوو بەرەی ئۆباما – پۆتن دابەش بوون، ئەمەش ئەگەری دەستکەوتەکانمان زیاتر دەکات.

ب- درێژەدان بە پەیوەندی ئابوری و ڕامیاری... لەگەڵ وولآتانی دراوسێ، کارکردن بۆ وەگەڕخستنی سەرمایە و بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لە کوردستان و دروست کردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، بەمەبەستی بەردەوامی دان بە تەمەنی حکومڕانی کوردستان، تا بەهۆیەوە بتوانرێت بەرژەوەندی پارچەکانی تر بپارێزێت و هاریکارییان بکرێت، خۆ ئامادەکردن بۆ قۆستنەوەی هەر ئەگەرێك لە ئایندەدا.

ت- دروست کردنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ وولآتانی زلهێزی جیهان و قۆستنەوەی جەنگی داعش بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و لۆجستی...، ئەمە جگە لەوەی دەبێت داڵدەدان و

هاریکاری نزیکەی دوو ملیۆن دەربەردەی عێراقی و ئاوارەی سوری بقۆزینەوە بۆ خزمەتی زیاتری پرسی کورد و کوردستان.

پ- بەکارهێنانی تەکتیك بەرامبەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان یان هەر دامەزراوەیەکی تری جیهانی لەسەر پرسی ئاوارە، دەربەدەر... بەمەبەستی گەیشتن بە ستراتیجی پلان بۆ دانراو، بەتایبەت لە پرسی کۆمەکی دارایی و چەك و سەربەخۆیی...

ج- بەمەبەستی کاڵ کردنەوەی کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، تەنها چارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای سنوری هاوڕێك( نەتەوەیی یان ئاینی یان مەزهەبی)ە، چونکە، ئەگەر وا نەکرێت ئەوا هەمیشە ناوچەکە بەرمیلە باروتێك دەبێت بۆ تەقینەوەی ڕقی داگیراکراوان بە ڕووی داگیرکەراندا، بەلأم لە ئەنجامی ڕاگواستنی کوردان و پرۆسەکانی بە تورك و فارس و عەرەب کردن، باشترە دیاری کردنی چوارچێوەی کوردستان لەسەر بنەما مێژوویی و جوگرافیەکان بێت. ئەگەر نا هەمیشە نە خۆرهەلأتی ناوەڕاست نە جیهانیش ئارامی و ئۆقرەیی بەخۆیەوە نابینێت.

## جوگرافیای کوردستان لەنێوان سایکس- پیکۆی کۆن و نویٚ دا

سەدەیەك لەمەوبەر کوردستانی خۆرئاوا(ژێر دەسەلأتی عوسمانی) بە پێی ڕێکەوتنێکی نهێنی لە نێوان وولأتە زلهێزە کۆلۆنیالیزمەکانی ئەو کاتی جیهان دابەشی سیٚ پارچە کراو پاشتر هەر پارچەیەکی خزێنرایە ناو چوارچێوەی وولأتێکەوە، خاکەکەیان سوتماك کرد و گەلەکەشیان جیۆنسایدکرد، پاش ئەوەی لە ئێستادا بەشیٚ لە جوگرافیای سایکس- پیکۆ، بۆتە گۆڕەپانی نمایش و یەکلاکردنەوەی ململانیٚ ڕامیاری و سەربازی و جوگراف و ئابوری....یاریکەرە زلهێزەکانی ئێستا و بەشێکی ئەوکاتی جیهان، چاوەڕانی دووبارە نەخشەکێشانەوەی ناوچەکە دەکرێت، پشك و دەستکەوتی گەلی کورد دەکەوێتە سەر ئامادەگی گەلی کورد و تەبایی و یەك گوتاری پارتە ڕامیارییەکان و بەکردەیی سەلماندنی بوونی خۆی لەناوچەکە و کاکردن بۆ قۆستنەوەی هەموو دەرفەتە زێڕینەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: لیستی سەرچاوە کوردییەکان

أ- کتێب:

١- بۆکانی، نادر فەتحی، کرۆنۆلۆگی کوردستان، بە بیٚ ژمارەی چاپ و چاپخانە و شوێنی چاپ، ٢٧٠٣ کوردی.

٢-سەردەشتی، یاسین ، گەلی کورد و بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران(١٩٠٥-١٩١١)، بە بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی هاوار، ٢٠٠١.

٣- غەفور، عەبدوڵلاّ ، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥.

٤- کەریم، احمد رفیق، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤.

٥- هەوارمی، ئەفراسیاو ، کورد لە ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤیەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.

٦- یەڵدز، کەریم ،کورد لەسوریا،و.شاهۆ قادر خانزادە،چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی ، ٢٠٠٩.

ب- ڕێکخراوە و پارت و دەزگا فەرمییەکان.

١- میدڵ ئێست وۆچ، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،و. سیامەندی موفتی زادە،چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک- سلێمانی،١٩٩٩.

دووەم: لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان

أ- کتێب

١-البهجي، ايناس حسنى، الشرق الاوسط الجديد بين الضعف والتقسيم، ط١، دار التعليم الجامعي، ٢٠١٥.

٢- صابر، سرو اسعد ، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الي نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٣٦، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية- اربيل، ٢٠٠١.

٣- لازاريف،م. ش ، المسألة الكردية ١٨٩١-١٩١٧، ت. اكبر احمد، الطبعة الاولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠١.

٤-مينورسكي، ظ.ف. ، الاكراد ملاحظات و انطباعات، ت.معروف خزنةدار، بدون رقم طبعة، مطبعة النجوم، بغداد، ١٩٦٨.

سێیەم: وێب سایت

أ- وێب سایتی فەرمی یان نیمچە فەرمی

کوردی:

١. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بارزانی لەگەڵ شای سعودیە کۆبووەوە،( http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=lCsFwLe4RWI=)لە١دیسەمبەری٢٠١٥)

٢. ســـەرۆكايەتی هـــەرێمی كوردســـتان، جێنشـــینی ئـــەبوزەبی پێشـــوازی لـــە بـــارزانی دەكـــات (http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=9vhIBB+XFKc=لە٢٩نۆڤەمبەری٢٠١٥)

٣. ســەرۆكایەتی هــەرێمی كوردســتان،بارزانی لەگــەڵ ســەرۆك كۆمــار و ســەرۆك وەزیرانــی توركیــا كــۆ بــــــوەوە(http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=mhP+TPKkLE8=لە٩ی دیسەمبەر٢٠١٥دا)

٤. سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان،ڕاگەیەندراوی كۆبونـەوەی پارتـە سیاسـییەكانی هـەرێمی كوردسـتان، http://www.presidency.krd/Kurdish/articledisplay.aspx?id

عەرەبی:

١. جامعــة العربيــة، اجتمــاع طــارىء لمجلــس جامعــة الــدول العريبــة علــي مســتوى وزراء الخارجيــة، http://www.lasportal.org/ar/news/Pages/NewsDetails.aspx?RID=٥٨٩،٢٤كـــــانون الاول ٢٠١٥)

٢. حـــزب الله، حـــزب الله يـــدين جريمـــة اعـــدام ايـــة الله الشـــيخ نمـــر بـــاقر النمـــر، http://www.moqawama.org/essaydetails.php?eid=32834&cid=212#.VoicL_txmP8 ٢كانون دووةمي ٢٠١٦.)

٣. حيـدر العبـادي، نأسـف لـي تنفيـذ حكـم الاعـدام بالشـيخ نمـر النمـر مـن قبـل السـلطات السـعودية، http://www.pmo.iq/press2015/2-1-2016.htm، ٢كانوني دووةمي ٢٠١٦)

٤. سمو ولي ولي العهد، التحالف الاسلامي لمحاربة الارهاب سينسق مع الدول المهمة في العالم و المنظمان الدوليـة.. و ستصـدي لاي منظمـة ارهابيـة، http://www.spa.gov.sa/details.php?id=1429219، ١٥ ديمسبر٢٠١٥.

٥. عمـر عبـد اللطيـف، مجلـس الانبـار يقـترح اطـلاق حملـة عمـل طـوعيي لاعـادة تأهيـل المحافظـة، http://www.alsabaah.iq/ArticleShow.aspx?ID=١٠٧٢٥٥، ٢٠١٥/١٢/٣٠.

٦. المكتب الرئيس الوزراء، رئيس مجلس الوزراء القائد العام للقوات المسلحة الدكتور حيدر العبادي يتراس اجتمـاع الـوزاري للامـن الـوطني،http://www.pmo.iq/press ٢٠١٥/٦/٢٠١٥١-١٢-٦htm..، ٦ كـانون الاول ٢٠١٥)

بيانی:

1. united nation office for the coordination of humanitarian affairs, Syria crisis regional overview, http://www.unocha.org/syrian-arab-republic/syria-country-profile/about-crisis,08,01,2016()

2. security coundil , Security Council Press Statement on Attacks on Saudi Diplomatic Premises in Iran, http://www.un.org/press/en/2015/sc12190.doc.htm,4juaniary 2016.

3. inistry of Defence of the Russian federation,chif of the main operational directorate of the general staff of the Russian armed forces told about the results of operation held by Russian aerospace forces in syria, http://eng.syria.mil.ru/en/index/syria/news/more.htm?id=12072380@egNews,08,01,2016(

4. U.S.Department of defense,opration inherent resolve , http://www.defense.gov/News/Special-Reports/0814_Inherent-Resolve ,08-01-2016(

5. united nation office for the coordination of humanitarian affairs, Syria crisis regional overview, http://www.unocha.org/syrian-arab-republic/syria-country-profile/about-crisis,08,01,2016(

6. united nation office for the coordination of humanitarian affairs, Iraq http://www.unocha.org/iraq,7.01.2016

7. peoples democratic party,urgent call for solidarity and action, https://hdpenglish.wordpress.com/2015/12/23/urgent-call-for-solidarity-and-action/,23,12,2015. (=٦+tvA٥Vo٦Fs(٢٠١٦يناير٢٦،=

٨. الامم المتحدة–العراق،المبعوث الاممي يدين تفجير المساجد والهجوم علي مركز تسويق و تفجير سيارة ملغمـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــة،

http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=5082:2016-01-12-13-05-28&Itemid=556&lang=ar،١٢كانون الثاني،٢٠١٦)

٩. الجمهوريـة التركيـة–وزارة الخارجيـة،بيان حـول اخـر التطـورات بـين المملكـة العربيـة السـعودية وايـران، http://www.mfa.gov.tr/الرقم_–٢_–التاريخ_–٥–كانون–الثاني_يناير–٢٠١٦_–بيان–حول–آخر–التطورات–بين–المملكة–العربية–السعودية–وإيرانar.mfa.، ٥كانون الثاني٢٠١٦)

١٠. الجمهورية التركية–وزارة الخارجية،رد الناطق بأسم وزارة الخارجية تانجو بيلغيتش على سؤال حول قرار الصادر عن جامعة الدول العربية بخصوص العناصر الاتراك المتواجدين في معسكر بعشيقة/زليكان من اجل تدريب المتطوعين العراقين، http://www.mfa.gov.tr/س_ج_–٣٥_–التاريخ_–٢٥–كانون–الأول_ديسمبر–٢٠١٥_–رد–الناطق–باسم–وزارة–الخارجية–تانجو–بيلغيتش–على–سؤال–حول–القرار–الصادر–عن–جامعة–الدول–العربية–بخصوص–العناصر–الأتراك–المتواجدين–في–معسكر–بعشيقة_زليكان–من–أجل–تدريب–المتطوعين–العراقيين.ar.mfa،٢٥كانون الاول٢٠١٥)

١١. قنـــاة العالم،استشــــهاد عميــــد بحــــرس الثــــورة الاســــلامية الايرانيــــة في ســــوريا، http://www.alalam.ir/news/1746965، ٩تشرين الاول٢٠١٥.)
١٢. مركز انباء الامم المتحدة،مفوضية اللاجئين: اكثر من ميلون لاجيء و مهاجر فروا الي اوربا عن طريق البحـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــر، http://www.un.org/arabic/news/story.asp?NewsID=25301#.Vo9pwftxlMt، ٢٠١٥/١٢/٣٠.
١٣. وكالة الجمهورية الاسلامية للانباء، ايران:السعودية تدعم الارهابين و تنفذ حكم الاعدام بحق المعارضين، http://www.irna.ir/ar/News/81903287/، ٢كانون الثاني٢٠١٦ )
١٤. يونــامي، حصــيلة اعــداد الضــحايا لشــهر كــانون الاول ٢٠١٥ الصــادرة عــن الامــم المتحــدة، http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k٢&view=item&id=٥٠٦٥:٢٠١٥&lang=ar٥٥٦&Itemid=، ١كانون الثاني٢٠١٦.

ب- ويَب سايتي ميديا

كوردى:

١-عومـــــــــــــــهر جـــــــــــاف، دوو دەولـــــــــــەتی كــــــــــوردی و ســــــــــونی بـــــــــــەڕێوەن، (http://basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/٢٤٩٨٣٩)لە٢٣دیسەمبەری ٢٠١٥)
٢-هێڤیـــدار ئەحمـــەد، بـــارزانی داوای ئامادەكـــاری بـــۆ ریفرانـــدۆمی ســـەربەخۆیی دەكـــات، (http://rudaw.net/sorani/kurdistan/٢١١٢٢٠١٥٢١?keyword=ریفرانـــدۆم) ٢١دیســـەمبەری ٢٠١٥دا.

عەرەبی:

١. bbc عربي،هبـــوط الاســـهم العالميـــة بســـبب الصـــين و تـــوترات الريـــاض و طهـــران، http://www.bbc.com/arabic/business/٢٠١٦/٠١/١٥١٢٢٩_global_stocks_sharp_decline، ٥يناير ٢٠١٦.
٢. CNN، تصدر الازمات التي تشهد العديد من الدول العربية، و في مقدمتها سوريا و ليبيا، اضافة الي ملف محاربـــة الارهـــاب، ابـــرز القـــرارات الـــتي اصـــدرها مجلـــس الامـــن الـــدولي خـــلال العـــام ٢٠١٥، http://arabic.cnn.com/middleeast/2015/12/30/arab-security-council-2015، ٣٠ديسمبر٢٠١٥.)
٣. ســـعود الزاهـــد، جنـــرال ايرانـــي يـــدعو لالغـــاء الحـــدود مـــع العـــراق و لبنـــان و ســـوريا، http://www.alarabiya.net/ar/iran/٢٠١٥/١٢/١١/جنرال-إيراني-يدعو-إلى-إلغاء-الحدود-مع-العراق-ولبنان-وسوريا.html، ١١ ديسمبر٢٠١٥)

٤. السومرية نيوز،الزبيدي: ٨٠٪حجم الدمار الذي لحق بالرمادي و مجلس الوزراء ناقشه بالتفصيل- ٩b٪٨aa%d٪٨%d /ar?utm_campaign=magnet&utm_source=article_page&utm_medium=related_article s ،٢٩ كانون الاول ٢٠١٥.

٥. سي ان ان العربية،تعرف علي الاسباب الحقيقية وراء تدخل فلاديمير بوتين في الحرب السورية، http://arabic.cnn.com/middleeast/2015/11/25/me-251115-putin-syria-reasons ، ٢٥نوفمبر٢٠١٥.

٦. سي ان ان بالعربية، ترقب امريكي لتداعيات التوتر بين السعودية و ايران علي محاربة داعش، http://arabic.cnn.com/world/2016/01/05/wd-050116-kirby-saudi-iran-tension#autoplay، ٥كانون الثاني ٢٠١٦)

٧. الشرق الاوسط اونلاين، السعودية تنفذ حكم القصاص بحق ٤٧ شخصاً من الفئة الضالة، http://aawsat.com/home/article/D9%85%D9%86- ،٣كانوني يةكةمي ٢٠١٦)

٨. العربية نت- صالح حميد، مقتل ٤٠٠ عنصر من الحرس الثوري الايراني بسوريا منذ٢٠١١، http://www.alarabiya.net/ar/iran/2015/10/26/مقتل-٤٠٠-عنصر-من-الحرس-الثوري-الإيراني-بسوريا-منذ-٢٠١١.html،٢٦اكتوبر٢٠١٥.)

٩. العربية، رجب طيب اردوغان، http://www.alarabiya.net/ar/programs/special-interview/2015/12/28/رجب-طيب-اردوغان.html، ٢٨ديسمبر٢٠١٥.

**چوارەم: دیدارو پەیوەندی تەلەفۆنی:**

**١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دۆست و شارەزا ی دۆزی کورد ، کریس کۆچێرا،٢٠١٦/١/٢٠.**

**پێنجەم: نەخشە و ئەتڵەس:**

١- jewishvirtuallibrary,Map of The Sykes-Picot Agreement www.jewishvirtuallibrary.org,11.feb.2016

## جغرافية كوردستان بين اتفاقية سايكس – بيكو القديم والحديث

قبل قرن من الزمن قسم غرب كوردستان والتي كانت تحت السلطة العثمانية الى ثلاثة اجزاء ثم وضع كل جزء من خلال اتفاقية سرية بين الدول العظمى انذاك تحت سلطة ووصاية حدود دولة , أحرقت ترابه وأبيدت شعبها, والان وبعد أن اصبحت جزء من جغرافية سايكس – بيكو ساحة لعرض وصراع السياسي والعسكري والجغرافي والاقتصادي .... اللاعبون الاساسيون من الدول الكبرى الحديثة وبعض الدول المشاركة في الاتفاقية قديماً, ينتظرون اعادة تصدير هيكلة الخارطة من جديد , ومن هذا المنظور فان حصة وأسهم الكورد تعتمد على مدى وحدتهم السياسية والخطاب السياسي العقلاني على أرض الواقع بشكل علمي وتحقيق وجودها كأمة حية وانتهازها لكل الفرص الذهبية .

## Kurdistan geographically between the Sykes-Picot old and new

One hundred years ago the grate world colonialism divided the western Kurdistan part to three small parts in the secret agreement and they put each part to the new state border, the new states have being genocide Kurdish people and destroyed Kurdistan .

Some parts of Sykes –picot agreement area, has become a stadium among the new and some old grate player state computation in the world since2011, to showing dominance and economic, political, geographical, military… conflicts, it’s time to new redraw the middle east border, Kurdish rights and earn (political, economic, geographic…) in any future agreements in the this area pegged to the union and cooperation between Kurdish people and exploit all opportunities.